

# زانیاری دەربارەی گۆمەڵگە بۆ ئەوانەی تازە هاتوونەتە ئۆستەریۆتلاند

## Samhällsinformation för nyanlända i Östergötland

## 1. سیستەمی سیاسیی سوید

(Det svenska politiska systemet)

سوید وڵاتێکی دیموکراتی یە
وگەلی سویدیش ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن
کە سوید بەڕێوە دەبەن
هەور چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردنە.

سوید لە سێ پلەدا بەڕێوە دەبرێت:

1. پەرلەمان لە سەر ئاستی نەتەوەیی سوید بەڕێوە دەبات.
2. لە سەر ئاستی هەرێمیی سوید دابەش بوە بە سەر 21 پارێزگادا
کە شورای ئەنجومەنی هەرێم بەڕێوەی دەبات.
3. لە سەرئاستی ناوچە ئەنجومەنی شارەوانی بەڕێوەی دەبات.

ئەو هاوولاتیە سویدییەی کە تەمەنی 18 سالی پڕ کردەوە دەتوانیت
دەنگ بدات بۆ هەلبژاردنی پەرلەمان، شورای ئەنجومەنی هەرێمیی و
ئەنجومەنی شارەوانی.

ئەوانەی کە لە سوید دەژین و هاووڵاتی سویدی نین
دەتوانن دەنگ بدەن بۆ هەلبژاردنی شارەوەانی.
بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت بۆ هەلبژاردنی شارەوانی
دەنگ بدەیت پیویستە سێ ساڵ بیت ناوت لە
تۆمارگەی دانیشتوانی ئەو شارەدا تۆمار کرابیت

هەلبژاردنەکان لە سوید سەربەستن .
کەسی تر جگە لەخۆت بڕیار نادات تۆ چۆن دەنگ بدەیت.

هەلبژاردنەکان لە سوید نهێنین چونکی
تۆ پێویست ناکات بە کەس بلێیت چۆن و بۆ کێ دەنگ
دەدەیت.

هەلبژاردنەکان ڕاستەوخۆن.
تۆ ڕاستەوخۆ دەنگ دەدەیت بەو کەسە سیاسییانەی
کە تۆ دەتەوێت ئەوان بریار بدەن

## لە سەر ئاستی نەتەوەیی پەرلەمان و حکومەت وڵات بەڕێوە دەبەن

(På nationell nivå styr riksdagen och regering)

### پەرلەمان (Riksdagen)

پەرلەمان بریار لەسەر یاساکانی سوید دەدات
ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بریتین لە 349
سیاسی لە پارتە جیاوازەکانەوە دێن.

بۆ ئەوەی پارتیکی سیاسی یەك کورسی لە پەرلەمان بەر بکەوێت
پێویستە لە سەدا 4٪ چواری کۆی دەنگەکانی هێنابێت.

پەرلەمان لەرێی دەنگدانەوە بریار دەدات.
بۆ ئەوەی بریارێك جێگیر بکرێت پێویستە
زیاد لە نیوەی ئەندامان بە بەلێ دەنگ بۆ ئەو

بریارە بدەن.
پەرلەمان هەروەها کۆنترۆلی کاری حکومەت
دەکات .

## حکومەت (Regeringen)

ئەو پارتەی یان ئەو پارتانەی زوربەی دەنگ دەهێنن
حکومەت دروست دەکەن .
حکومەت سوید دەبا بەرێوە .
پەرلەمان سەرۆکی حکومەت هەلدەبژێرێ کەدەبێتە
سەرۆك وەزیران .
سەرۆك وەزیرانیش وەزیرەکانی خۆی هەلدەبژێرێت.

هەر وەزیرێك سەرۆکایەتی وەزارەتی خۆی دەکات
بۆ وێنە وەزیری دەرەوە سەرۆکی وەزارەتی دەرەوەیە
وەزیری دارای سەرۆکی وەزارەتی دارایی یە

حکومەت پێشنیاری یاساکان دەداتە پەرلەمان.
پەرلەمانیش بە بەلێ یان نەخێر بریار لە سەر
ئەو پێشنیارانە دەدات.
ئەگەر زوربەی ئەندامەکان بەبەلێ دەنگیان بۆ یاساکە
دا ئەوا هەموو وەزارەتەکان کار بۆ ئەوە دەکەن کەهەموان
پەیرەوی ئەو یاسایە بکەن .

## لە ئاستی هەرێمدا ئەنجومەنی پارێزگا و و شورای ئەنجومەنی هەرێمی هەرێمەکان بەرێوە دەبەن

(På regional nivå styr länsstyrelsen och landstingsfullmäktige)

هەر یەك لە 21 پارێزگاکانی سوید ئەنجومەنی پارێزگای
خۆی هەیە کە بۆ حکومەت کار دەکات.
حکومەت پارێزگارێك هەلدەبژێرێ بۆ ئەوەی ئەنجومەنی
پارێزگا بەرێوە بەرێت

هەموو پارێزگایەك ئەنجومەنی هەرێمیی هەیە
ئەنجومەنی هەرێمیی کاروباری چاودێری تەندروستی
بەرێوە دەبات لەو پارێزگایە.
هاوولاتیە سویدیەکان ئەندامانی شوورای هەرێمیی
هەلدەبژێرن شوورای هەرێمییش لیژنەی هەرێمیی
هەلدەبژێرێ کەئەمیش کاروباری هەرێمەکە بەرێوە دەبات.

## لە ئاستی ناوچەدا ئەنجومەنی شارەوەانی شارەوانەکان بەرێوە دەبەن

(På lokal nivå styr kommunfullmäktige)

لە سوید 290 شارەوانی هەیە.
ئەوانەی کە لەو شارەوانیەدا دەژین ئەوکەسانە
هەلدەبژێرن کەدەبنە ئەنجومەنی شارەوانی .
ئەنجومەنی شارەوانی کە شارەوانی بەرێوە دەبات
لیژنەی شارەوانی هەلدەبژێرێت.
ئەو پارتانەی کە زوربەی کورسییەکانی ئەنجومەنی
شارەوانییان هەیە زوربەی کورسیەکانی لیژنەی
شارەوانیشیان دەست دەکەوێت.

شارەوانیەکان کاروباری خوێندگە، چاودێری پیرەکان،
خزمەتە کۆمەلایەتیەکان و کاروباری پێشوازی کردن
و وەرگرتنی پەناهەندەکان بەرێوە دەبەن
تۆش کە سێ سال بەسەر وەرگرتنی ئیزنی کار و مانەوەی هەمیشەییتدا
لە سوید تێپەر بوو ئەوسا مافت هەیە کە لە دەنگدانی هەلبژاردنی
سیاسیەکاندا بۆ ئەنجومەنی شارەوانی دەنگ بدەیت.

## **یاسا بناغەییەکانی سوید** (Sveriges grundlagar)

سوید چوار یاسای بناغەیی هەیە
کە روونی دەکەنەوە سوید دەبێ چۆن بەرِێوە ببرێت
و هاوولاتیەکان مافی چیان هەیە.

ئەو چوار یاسایانەش ئەمانەن: شێوە و جۆری
حکومەت، رێسا و نەزم و پەرگالی میراتگری،
رِێسا و یاسای ئازادی چاپەمەنی و یاسای بنەرِەتی
دەربارەی ئازادی دەربرِینی بیرورِا

## **سوید دەبێ چۆن بەرِێوە ببرێت** (Hur Sverige ska styras)

شێوە و جۆری حکومەت ئەوە رِوون دەکاتەوە کە سوید دەبێ
چۆن بەرِێوە ببرێت.
لەو یاسایەدا نووسراوە کە هەموو دەسەلات لە گەلەوە دێت
و کە سوید مافی دەنگدانی گشتی هەیە و هەمووش وەك یەك
مافی دەنگدانیان هەیە.

یاساکانیش دەری دەخەن کە هەموو هاوولاتیەکان کام
سەربەستی و کام مافانەیان هەیە:

- هاولاتیە سویدیەکان مافی ئازادی رِادەربرِینیان هەیە،
ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەتوانن ئەوەی بیانەویێت بیلێن.
- مافی زانیاریوەرگرتیان هەیە،
ئەمەش مانای مافی زانیاریوەرگرتن لە دامودەزگاکانەوە.
- هاولاتیە سویدیەکان مافی ئازادی کۆبوونەوە و بەیەکگەیشتنیانیان هەیە،
ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەتوانن کۆبوونەوە پێك بهێنن
و لەوێ چیان دەوێت بیلێن.
- هاولاتیە سویدیەکان سەربەستن بۆ خۆپیشاندان،
ئەمەش مانای ئەوەیە دەتوانن خۆنیشاندان بکەن.
- هاولاتیە سویدیەکان ئازادی کۆمەلەیان هەیە،
ئەمەش مانای ئەوەیە مافیان هەیە کۆمەلەی خۆیان دروست بکەن
و ببنە ئەندامی کۆمەلەکان.
- سوید سەربەستی و ئازادی دینیشی هەیە.
هەموو کەسێك مافی هەیە دینی خۆی هەبێت یان بێ دین بێت.

## **کێ دەتوانێت ببێتە شا یان شاژن**
(Vem som får bli kung eller drottning)

رێسا و نەزم و پەرگالی میراتگری
ئەو یاسایەیە کە نەزم و رێسای داناوە
بۆ ئەوەی کێ ببێ بە شا یان بە شاژن.

## **ئازادی چاپەمەنی** (Tryckfrihet)

هاوولاتیان دەتوانن بێ سانسور شت چاپ بکەن
و بلاوی بکەنەوە.
ئەمەش لە یاسای ئازادی چاپەمەنیدا هاتوە
سەنسور ڕێسایەکە بۆ ئەو شتانەی کە پیاو نابێت بیلێت یان بینوسێت.
هاوولاتیان هەروەها دەتوانن بەلگەنامە گشتیەکان بخوێننەوە.

## ئازادی دەربرینی بیرورا (Yttrandefrihet)

یاسای ئازادی بیرورادەربرین ماف دەداتە تەلەفزیۆن،
فلیم و ڕۆژنامەکان کە بێ ئاستەنگ
یان سەنسور زانیاری بلاّو بکەنەوە.

## یەکێتی ئەوروپا (EU)

سوید ئەندامە لە یەکێتی ولاّتانی ئەوروپا (EU)
یەکێتی ئەوروپا پێکهاتووە لە 27 ولاّتی ئەندام
کە هاوکاری دەکەن لە مەسەلەی کالاّکان.خزمەتگوزاری.
ژینگە، کشتوکالّ
وە وەرگرتنی پەناهەندەدا.

تۆ دەتوانیت دەربارەی کاری سوید لە یەکێتی ئەوروپادا
بخوێنیتەوە لە شوێنی ڤێبی یەکێتی ئەوروپا:
www.eu-upplysningen.se

2. بازاری کاری ســـــــویدی
(Den svenska arbetsmarknaden)

له سوید ئەوە کارێکی ئاساییە کە هەموو گەورەکانی
ناو خێزانێك کار بکەن و بۆ خێزانەکەیان پارە پەیدا
بکەن.

بازاری کاری سویدی کومپانیایە و ئەوانەش
کە کار دەکەن لە کۆمپانیا کار دەکەن.

تاك دەتوانێت ببێتە خاوەن کۆمپانیا.
دەوڵەت دەتوانێت ببێتە خاوەن کۆمپانیا
شارەوانیەکانیش دەتوانن ببنە خاوەنی
کۆمپانیا.

کۆمپانیا خاوەن کارە
و ئەوانەش کە لەو کۆمپانیایەدا کار دەکەن
کاروەرگرن.

خاوەن کار و کاروەرگرەکان رێکخراوەی
خۆیان هەیە کە بۆ ئەوان و بۆ چاکەی
ئەوان کار دەکەن

کاروەرگرەکان یەکێتی سەندیکاکانیان هەیە
و خاوەن کارەکانیش رێکخراوەی خاوەن کارەکانیان
هەیە.

یەکێتی سەندیکاکان و رێکخراوەی خاوەن کارەکان
هاوکاری دەکەن لە مەسەلەی مووچە و ژینگەی کاردا.

## رێککەوتننامەی گشتی (Kollektivavtal)

لە سوید هەردوولایەنەکانی بازاری کار،
بە مانای رێکخراوەی خاوەنکاران و یەکێتی
سەندیکاکانن، کە گفتوگۆ و دانوستاندن دەکەن
دەربارەی موچە و کاتەکانی کار.

یەکێتی سەندیکاکان و رێکخراوەی خاوەنکاران
پێکەوە رێککەوتننامەی هەرەوەزیی گشتی ئیمزا
دەکەن.
جاری وا هەیە هەردوولایەنەکانی بازاری کار رێك
ناکەون. لەو بارەدا مانگرتن روو دەدات.

## رێکخراوەکانی سەر بە کاروەرگرەکان
(Organisationen för arbetstagarna)

رێکخراوی وڵاتەکە ل و (LO) ، کە هاوکارییەکە
لە نێوان 15 یەکێتی سەندیکادا و 1,7 ملیۆن
ئەندامیان هەیە کە لە بواری پیشەی یاریدەدەری پەرسیار،

وەستای کاری دەست, کاکەرانی پیشەسازی و کرێکارانی کان.
رێکخراوی ناوەندی کارمەندان (TCO)
16 یەکێتی سەندیکای جیاوازن
کە کار دەکات بۆ کارمەندان وەك ئەندازیاران،
پۆلیس، ئابووریزانان، مامۆستایان، و پەرستیاران.
ت. سی. ئو نزیکەی 1,2 ملیۆن ئەندامی هەیە.

رێکخراوی ناوەندیی ئەکادیمیکانی سوید (SACO)
ساکۆ لە 24 یەکێتی سەندیکاکان پێك هاتوە
و نزیکەی 600 هەزار ئەندامیان هەیە و
هەموو ئەندامەکان پیشەی ئەکادیمییان هەیە
وەك پزیشکان، پارێزەران و دەروونناسان.

## رێکخراوەکانی سەر بە خاوەنکاران
(Organisationen för arbetsgivarna)

دەزگای خاوەنکارانی گشتی
رێکخراوێکە بۆ خاوەنکارانی دەزگا دەوڵەتییەکان.

کۆمەڵەی بازرگانی و کاروکاسپی سویدی
کەمەڵەیەکە بۆ کۆمپانیا بچووك و ناونجیەکان.

شارەوانیەکان و ئەنجومەنی هەرێمەکانی سوید س.ك. ل (SKL)
خاوەنکاری 290 شارەوانی و
18 ئەنجومەنی هەرێمیی سویدە.

خاوەن کۆمپانیاکان (Företagarna)
کاردەکات بۆ 70 000 خاوەن کۆمپانیا لە سوید.

یەکێتی خاوەن کۆمپانیەکان (Företagarförbundet)
کاردەکات بۆ کومپانیا بچووکەکان کە ژمارەی
کەسە دامەزراوەکانیان لە 9 کەس کەمتر بێت.

## یاسای کار (Arbetsrätt)

بازاری کار لە سوید لە رێگەی یاساکان و رێککەوتننامەکانەوە بەرێوە دەبرێت
گرنترین یاساکان ئەمانەن:

یاسای پێکەوە بریاردان لە ژیانی کاردا (MBL)
م. ب. ل کەدەڵێت یەکێتی سەندیکاکان هەمیشە
مافی هەیە کە گفتوگۆ و دانوستاندن بکات لەگەڵ
خاوەنکارەکان دەربارەی ئەو شتانەی کە پەیوەندیان
هەیە بەکارکردنی ناو کۆمپانیاوە.

یاسای پاراستنی دامەزراندن، لاس (LAS)
ئەو رێسایانەی تیایە کە پەیوەندی هەیە
بە دامەزراندن و دەرکردنەوە.

یاسای کاتی کار (Arbetsrätt)

کەدەڵێت تۆ دەبێت چەند سەعات لە رۆژێکدا و لە هەفتەیەکدا کار بکەیت
کارکردنی تەواوی یەك هەفتە بریتیە لە 40 سەعات
یاسای ژینگەی کار
(Arbetsmiljölagen)
ئەو یاسایەیەکە تۆ دەپارێزی لە شوێنی کار و چاودێری ئەوە
دەکات ژینگەی شوێنی کارەکەت باش بێت

یاسای هەڵاواردن
(Diskrimineringslagen)
کە هەمان ماف دەدات بەهەموان کە
داوای کار بکەن و کار بکەن.

## شێوەکانی دامەزراندن (Anställningsformer)

لەسوید دەتوانیت بە دوو شێوە لە کار دامەزرێیت:
دامەزراندنی هەمیشەیی و دامەزراندن بۆ
کاتێکی سنووردار.

دامەزراندنی هەمیشەیی
پێشی دەوترێت دامەزراندنی جێگیربوون
کە دامەزراندنی هەرە ئاساییە.

دامەزراندن بۆ کاتێکی سنووردار
دەکرێت بەم شێوانە بێت:

- دامەزراندن بە شێوەیەکی گشتی بۆ کاتێکی سنووردار
تۆ و کۆمپانیاکە گرێبەستێك دەنووسن لەسەر ئەوەی کە
تۆ ماوەیەکی دیاریکراو کار بکەیت.

- جێگریی (Vikariat)
تۆ لە جیاتی یەکێکی تر کار دەکەیت بۆ وێنە ئەو کەسە
لەو ماوەیەدا لە پشوو دانە یان نەخۆشە.

- کاری وەرزیی (Säsongsarbete)
بۆ وێنە تۆ لە هاویندا کار دەکەیت و لە دارستان
بەر کۆبکەیتەوە یان لە زستاندا بەفر بماڵێت.

- دامەزراندن بۆ تاقیکردنەوە (Provanställning)
کۆمپانیایەك بۆ تاقیکردنەوە بۆ ماوەی شەش
مانگ داتدەمەزرێنێت بۆ ئەوەی بزانێت تۆ بۆ
ئەو کارە باشیت یان نا.

## تاقیکردنەوەی کار (Praktik)

تاقیکردنەوەی کار لە شوێنێکی کار رێگەیەکی باشە
بۆ مەشقکردن لە سەر کارێك هەروەها بۆ ئەوەی ئەو
کەسە بتوانێت نیشانی خاوەن کارەکەی بدات کە چی
دەتوانێت.

تۆ دەتوانیت لە پیشەیەکدا زیاتر فێرببیت و یان زیاتر
لەو شوێنی کارە شارەزا ببیت ئەگەر لەو شوێنە بواری
ڕاهێنانیان دابێ.
بۆ تۆ کە هەرگیز لە سوید کارت نەکردوە ئەم ڕاهێنانە شتێکی
باشە یان بۆ تۆ کە جارێ نازانیت کام کارە هەڵبژێریت.

پراکتیک بۆ ئەوەش باشە کە پیاو لە شوێنی کارەکە مەشق
لە سەر زمانی سویدیش دەکات.

ئەو کەسەی پراکتیک دەکات نابێت لە جێگەی کەسێکی
تر کار بکات کە لەو شوێنە کاری هەیە.
هەروەها ئەم پراکتیکە نابێت بۆ ماوەیەکی یەکجار درێژبێت
بۆ ئەوەی خاوەنی کارەکە بەنیازی کەڵکوەرگرتن تۆ بەکارنەهێنێت.

پراکتیک ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی تۆ بگەێنێتە کارێك لەو شوێنەی
کە پراکتیکی لێدەکەیت و یان لە شوێنی کارێکی تر.

## تۆ ئاوا بەشوێن کاردا دەگەڕێیت (Så här söker du jobb)

لە و لاپەڕانەدا کار دەدۆزیتەوە کە پێیدەلێن (Platsannonser)
جارِی کاری بەتاڵ.
ئەم جارِی کاری بەتاڵە لە دەزگای کار دۆزینەوە هەیە،
هەروەها لە ڕۆژنامەکاندا، لە ئینتەرنێتدا و هەروەها لە تابلۆی
هەڵواسینی ئاگاداری لە دوکانەکانی خواردەمەنی دەدۆزیتەوە.

کاتێك تۆ بە دوای کاردا دەگەڕێیت پێویستە
تەلەفونی خاوەن کارەکە بکەیت.
ئەوە شتێکی باشە دەربارەی کارەکە هەندێك
پرسیاربکەیت و هەروەها وا بکەیت کە خاوەن
کارەکە چاوی بە تۆ بکەوێت.
دەشتوانی لە خاوەنکارێك بپرسیت بزانیت شوێنی
کاری بەتاڵی هەیە.

## لیستەی کورتەباسی ژیان وخوێندن و کار (CV)

هەموو کەسێك کە بەدوای کاردا دەگەڕێت دەبێ بتوانێت لیستەی
کورتەباسی ژیان وخوێندن و کار و شایستەیی خۆی نیشان بدات.
ئەم سێ ڤیێ یە کورتکراوەیەکی لاتینیە بۆ وشەی (curriculum vitae)
مانای لیستەیەکە لەسەر ئەوکارانەی کەلەژیانی خۆیدا کردویەتی.
سێ ڤیێ لیستەیەکە لەسەر ئەو خوێندنگایانەی کە تۆ بۆی چویت،
ئەو خوێندنانەی تەواوت کردوە و ئەو کارانەی کە تائێستا کردوتە.

تۆ دەتوانیت سێ ڤیێ کەی خۆت بخەیتە بۆ وێنە بناغەی کۆمپیوتەرە
جیاجیاکانی دەزگای کاردۆزینەوە، کۆمپانیاکانی تری پەیداکردنی
خەڵکەوە بۆ ئیش. ئەو خاوەنکارانەی بە دوای
خەڵکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی دایان بمەزرێنن
سەیری ئەو بناغەی کۆمپیوتەرانە دەکەن.

## داخوازینامە (Ansökan)

تۆ دەبێت داخوازینامەیەك بنووسیت.
داخوازینامە زۆر گرنگە.
لە ئینتەرنێتدا دەتوانیت زیاتر بخوێنیتەوە دەربارەی

ئەوەی چۆن دەتوانیت داخوازینامەیەکی باش بنووسیت.

## رابێژەکان/پرسپێکەرەکان (Referenser)

کاتێك تۆ داوای کارێك دەکەیت گرنگە کە تۆ
ڕابێژ/پرسپێکەرت هەبێت.
تۆ ناوی ئەو کەسانە دەنووسیت کە دەتوانن
وەك سەرچاوەیەك لەسەر تۆ ڕا بدەن کاتێك
خاوەنکار بەتەلەفۆن پرسیاریان لەسەر تۆ
لێبکات بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا تۆ کەسێکی
چۆنیت و لە کارکردندا چۆنیت.

## گوتوبێژ (Intervju)

ئەگەر خاوەن کار ویستی داتبمەزرێنێت
ئەوا بانگت دەکات بۆ چاوپێکەوتن و گوتوبێژ.
زوربەی جار پاش یەك گوتوبێژ لەگەڵ تۆ
خاوەن کار بڕیاری خۆی دەدات ئایا تۆ لای
خۆی دامەزرێنێت یان نا.

پێس ئەوەی تۆ بچیت بۆ گوتوبێژی دامەزراندن
شتێکی باشە ئەگەر هەتا بتوانیت زانیاری دەربارەی
ئەو کۆمپانیایە بزانیت ئەوەش شتێکی باشە کە
بڕوانامە و بەڵگەنامەکانت لەگەڵ خۆت بەریت

لە شوێنی ڤێبی دەزگای کاردۆزینەوە دەربارەی
کاردۆزینەوە و چۆنیەتی بەدوای کار گەڕاندا
دەتوانیت زیاتر بخوێنیتەوە:
www.arbetsförmedlingen.se

## دەزگای کاردۆزینەوە (Arbetsförmedlingen)

دەزگای کاردۆزینەوە دەزگایەکی دەوڵەتیە
کە دوولایەن بەیەك دەگەیەنێت، ئەوانەی بەدوای کاردادەگەڕێن
و ئەوانەی بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێن دایبمەزرێنن.

دەزگای کاردۆزینەوە بە زۆری یارمەتی ئەو کەسانە دەدات
کە بە زەحمەت کاریان دەست دەکەوێت.
دەزگای کاردۆزینەوە پرۆگرامی سیاسەتی بازاڕی کاری
جیاوازی هەیە کە تۆ یارمەتی لێوەوە وەردەگریت

## کاری چوونەژوورەوە (Instegsjobb)

دەزگای کاردۆزینەوە دەتوانێت سەدی 75 % ی
مووچەی ئەو بێگانانە بدات کەتازە هاتونەتە
سوید و لای کۆمپانیایەك کار وەردەگرن

ئەوبێگانە تازەهاتوەی دەتوانێت زمانی سویدی بۆ بێگانان
(SFI) بخوێنێت ئەگەر ئیزنی مانەوەی لە سوید پێش
کەمتر لە 36 مانگ وەرگرتبێت.

## کاری تازەدەستپێکردوو (Nystartsjobb)

ئەگەر خاوەنکارێك کاری دا بە کەسێك کە
زۆر دەمێك بێت بێکار بێت ئەوا ئەو مەسرەفەی
کەدەکەوێتە سەر خاوەنکارەکە کەمتر دەبێتەوە
بۆ وێنە مزەی خاوەنکار بۆ ئەو کەسە نادات.

## کۆمپانیای خۆت دامەزرێنە (Starta eget)

### نەخشەیەکی بازرگانی بنووسە

ئەگەر تۆ دەتەوێت کۆمپانیای خۆت دامەزرێنیت
ئەوا پێویستە نەخشەیەکی بازرگانیت هەبێت .
نەخشە بازرگانیەکە ڕونی دەکاتەوە تۆ بۆ ئەو کارە
چۆن بیرت لێکردۆتەوە و دەتەوێت چی بکەیت

لەو نەخشە و پلانەدا دەبێت وەلامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە:

- تۆ چی دەفرۆشیت؟
- کێ ئەو شتە دەکرێت کە تۆ دەیفرۆشیت؟
- کام لە کۆمپانیاکانی تر هەمان شت دەفرۆشن؟
- کۆمپانیاکەی تۆ چی هەیە کە ئەوانی تر نەیانبێت؟
- تۆ پارە لەکوێوە دێنیت؟
- تۆ پارە قەرز دەکەیت؟
- پێویستت بە ئیزنوەرگرتن دەبێت؟

لە نەخشە و پلانی بازرگانیەکەتدا بودجەیەك و
حسابێکی تێچوون بنووسە.
بودجە و حسابیی تێچوون نیشانی دەدەن
کە تۆ چۆن دەتەوێت پارە پەیداکەیت و
مەسرەفەکانت کامانە دەبن.

نەخشە و پلانە بازرگانیەکەت نیشانی ئەو
کەسانە بدە کە لەوانەیە بیانەوێت لە بازرگانیەکەی
تۆدا پارە دانێن و بیخەنە گەڕ
یان نیشانی دەزگای کاردۆزینەوە و یان
ئەوانەی بدە کە دەیانەوێت هاوکاریت بکەن.

### جۆری کۆمپانیاکە هەڵبژێرە و تۆماری بکە
(Registrera och välj företag)

پێویستە ناوی کۆمپانیاکەت لەلای دەزگای
دەوڵەتی کاروباری باج تۆمار بکەیت و هەندێ
جار لای دەزگای دەوڵەتی خانووبەرەش.

هەروەها دەبێ تۆ جۆری ئەو کۆمپانیایەش هەڵبژێریت کە دەتەوێت.
جۆری کۆمپانیاکانیش دەتوانن ئەمانە بن:

- بازرگانی تاك و تایبەت
- کۆمپانیای بازرگانی
- کۆمپانیای هاوکاری
- کۆمپانیای پشکداری/سەهمداری
- کۆمەڵەی ئابووری

regional utveckling för nyanländas etablering

**پاڵپشتی و یارمەتی** (Stöd och hjälp)
بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەك لەوانەیە زەحمەت
بێت و کار و هەڵسوڕانی زوری دەوێت.

تۆ دەبێ زێدەباج (مۆمس) (Moms) بخەیتە ڕوو
تۆ دەبێت داهاتت هەموو ساڵێك ڕابگەیەنیت
و ڕاپۆرتی حسابی هەرە دوایی ساڵانەت هەبێت.
دەبێ مووچەکان بدەیت و بە ڕێك و پێکی
و بە باشی ئاگات لە کارمەندەکانت بێت.

تۆ دەتوانیت پشتگیری و یارمەتی لە دەزگا
و ڕێکخراوەکانەوە وەرگریت وەك دەزگای
کاردۆزینەوە، دەزگای باج و نوتێك.
دەتوانیت بچیتە خولی فێربوونیشەوە
بۆ فێربوونی بەڵێندەرایەتی

3. سیستەمی خوێندنی سویدی

## پلەی پێش خوێندنگە (Förskola)

پلەی پێش خوێندنگە بۆ ئەو منداڵانەیە کە هێشتا نەچوونەتە خوێندنگەی سەرەتایی. منداڵ دەتوانن یان بچنە پێش خوێندگە و یان پێش خوێندگەی کراوە.

پێش خوێندگە دەبێ پشتگیری بداتە منداڵ و وا بکات کە باوك و دایکەکان کاری خۆیان یان خوێندنەکەیان بکەن شارەوانی دەبێ ئاگای لەوەبێت کە هەموو منداڵانی تەمەن یەك ساڵ شوێنیان لە پێش خوێندنگە بۆ دابین بکرێت ئەگەر دایك و باوکی منداڵەکان کار یان خوێندنیان هەبوو.

ئەگەر دایك و باوکەکان بێکاریش بن هەر پێویستە منداڵەکانیان بەلای کەم رۆژی 3 سەعات لە پێش خوێندگە شوێنیان بدرێتێ بەڵام هەرە زۆرەکەی 15 سەعات لە هەفتەیەکدا.

پێش خوێندنگەی کراوە بۆ ئەو منداڵانەیە کە ناچنە پێش خوێندگەی ئاسایی.
بۆ پێش خوێندگەی کراوە منداڵەکە لەگەڵ دایکی و یان باوکی دەچێت.
دایك و باوکەکان خۆیان بڕیار دەدەن کەی دەچن یان ناچن.

منداڵ دەتوان بچنە شوێنی منداڵداری لە بنەماڵەیەکدا، (Familjedaghem). لەم ماڵەدا دایکێك یان باوکێك منداڵی تر دێتە لایان و لە ماڵەکەیاندا ئاگایان لەو منداڵانە دەبێت.

## پۆلی پێش خوێندنگە (Förskoleklass)

ئەم پۆلانە بۆ ئەو منداڵانەن کە تەمەنیان 6 ساڵی پڕ کردۆتەوە و یان زۆریان نەماوە ببنە 6 ساڵ.
منداڵ یەك ساڵ دەچنە ئەم پۆلی پێش خوێندنگەیە پێش ئەوەی بچنە خوێندنگەی سەرەتایی.

## خزمەتگوزاری منداڵی خوێندنگە (Skolbarnomsorg)

خزمەتگوزاری خوێندنگە ئەو منداڵانەیە کە دەچنە خوێندنگە تا تەمەنیان 12 ساڵ پڕ دەکاتەوە.

خزمەتگوزاری منداڵی خوێندنگە ئەم شێوانەن:

- ماڵی چالاکی کاتی بەتاڵ
- منداڵداری لە بنەماڵەیەکدا

- چالاکی کاتی بەتاڵی کراوەا

## ماڵی چالاکی کاتی بەتاڵ (Fritidshem)

ماڵی چالاکی کاتی بەتاڵ پێشوازی لەمنداڵان دەکات
پێش کاتی خوێندنگە و پاش کاتی خوێندنگە و هەروەها
کاتی پشووی خوێندنگە.
ماڵی چالاکی کاتی بەتاڵ ئاگای لەوە دەبێ کە منداڵەکان
لەکاتی بەتاڵیدا شتێکی باش و بەسوود بکەن.

## خوێندنگەی سەرەتایی (Grundskola)

خوێندنگەی سەرەتای 9 ساڵە.
لە سوید خوێندن بە ئیجباریە
ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو منداڵان
دەبێ بچنە خوێندنگەی سەرەتایی
منداڵ دەست بەخوێندن دەکات کە تەمەنی
دەبێت بە 7 ساڵ و کە بو بە 16 ساڵ خوێندن تەواو
دەکات.

منداڵ لە خوێندنگەی سەرەتایی نمرەنامە وەردەگرێت.
پلەی نمرەکانیش ئەمانەن:

- دەرچوو
- باشە
- زۆر باشە

مامۆستاکە هەر وەرزەی بەلای کەمەوە گفتوگۆیەکی
گەشەکردنی هەیە.
لەم گفتوگۆیەدا مامۆستاکە و خوێندکارەکە و دایك
و باوکی خوێندکارەکە بەشدار دەبن. لێرە مامۆستاکە
باسی باری خوێندنی منداڵەکە دەکات و دەڵێت چی
بکرێت بۆ ئەوەی خوێندنی منداڵەکە باشتر ببێت.

## خوێندنگەی پاش ناوەندی (Gymnasieskolan)

هەموو ئەو گەنجانەی کە خوێندنگەی سەرەتای تەواو دەکەن
مافیان هەیە پلەی پاش ناوەندی بخوێنن کەماوەکەی 3 ساڵە.

ئەگەر خوێندکارەکە لە خوێندنگەی سەرەتایی نمرەی
دەرچووی نەهێنا ئەوا دەتوانێت بچێتە پرۆگرامێکی
خوێندنی پاش ناوەندی کە لەوێ خوێندنگەکە ئاگای
لەوەدەبێت کە خوێندکارەکە هەم لە خوێندنی خۆی
بەردەوام بێت و هەم نمرەی دەرچوو لە خوێندنی
سەرەتایشدا وەربگرێت.

منداڵ لە خوێندنگەی پاش ناوەندی نمرەنامە
وەردەگرێت.
پلەی نمرەکانیش ئەمانەن:

- دەرنەچوو
- دەرچوو
- باشە

- زۆر باشە

حکومەت بڕیاری لەسەر نەخشە و پلانێکی خوێندنی داوە بۆ هەموو خوێندنگاکانی سوید.
لەم پلانی خوێندنەدا نووسراوە ئایا خوێندکار دەبێ چەند بزانێت تا پلەی نمرەیەك وەربگرێت.

## خوێدنی پیسشەیی لێوەشاوە
(Kvalificerad yrkesutbildning)

تۆ دەتوانیت پاش خوێندنی پلەی پاش ناوەندی بچیتە خوێندنێك بۆ پیسشەیەکی لێوەشاوە ، کە کورتدەکرێتەوە بۆ ك. ئی (KY)
درێژی ماوەی ئەم جۆرە خوێندنانە لە 1 ساڵەوە بۆ 3 ساڵە.
تۆ لەو ماوەیەدا پیشەیەك فێر دەبیت
9 کەس لە کۆی 10 کەس لەوانەی ئەم جۆرە خوێندنە دەخوێنن پاش تەواوکردن یان کاریان دەست دەکەوێت ویان کۆمپانیای خۆیان دادەمەزرێنن.

## خوێندگە بۆ گەورەساڵان (Skolor för vuxna)

ئەو گەورانەی کە تەمەنیان 20 ساڵی پڕ کردۆتەوە و زانیاریان لە ئاستی پلەی سەرەتایی و پلەی پاش ناوەندی کەمترە ئەوا دەتوانن لە خوێندگەیەك بۆ گەورەساڵان بخوێنن.

گەورەکانیش لەوانەیە پێویستیان بێت ئەو وانانە بخوێنن کە فریا نەکەوتوون بیخوێنن بۆ ئەوەی بتوانن بچنە خوێندنی زانکۆ و یان خوێندگە بەرزەکان یان بۆ ئەوەی بتوانن هەندێك لە خوێندنی پیشەییەکان بخوێنن.

## زمانی سویدی بۆ بێگانان س. ف. ئی
(Svenska för invandrare, SFI)

س. ف. ئی خوێندنی زمانی سویدیە بۆ ئەو گەورانەی کە زمانی دایکیان سویدی نیە.
بۆ ئەوەی بتوانیت زمانی سویدی بخوێنیت دەبێ 16 ساڵت پڕ کردبێتەوە و ناوت لە تۆمارگەی نیشتەجێکاندا هەبێت لەو شارەوانیەی لێی دەژیت.

س. ف. ئی چوار خولی هەیە:
A و B و C و D .
خوێنکارەکە پاش تەواوکردنی خولێك نمرەنامەی پێبدەدرێت.

پلەی نمرەکانیش ئەمانەن:
- دەرچوو G
- زۆر باشە VG

س. ف. ئی سێ ڕێگای خوێندنی هەیە.
ڕێگای خوێندنی 1 بۆ ئەو کەسانەیە کە نازانن

بنووسن و بخوێندنەوە ویان بۆ ئەوانەیە کە
زۆریان نەخوێندوە.
ئەو کەسانە دەچنە خولی خوێندنی A و B.
ڕێگای خوێندنی 2 بۆ ئەو کەسانەیە کە خولی خوێندنی B و C یان هەیە.
ڕێگای خوێندنی 3 بۆ ئەو کەسانەیە کە خولی خوێندنی C و D یان هەیە.
خولی ڕێگای خوێندنی 2 و 3 خێراترە لە خولی 1.

تۆ دەتوانیت هەر لەو کاتەشدا کە پراکتیك دەکەیت زمانی سویدیش بخوێنیت.

## بڕوانامە و نمرەنامەی دەرەوەی وڵات
(Utländska betyg)

ئەگەر تۆ شەهادە و بڕوانامەی وڵاتێکی ترت هەیە
ئەوا دەزگای دەوڵەتی خوێندگە باڵاکان دەتوانێت
بەراوردی بکات بە بڕوانامەی سویدی.
ئەوان تەماشای ئەوە دەکەن چەند ساڵت خوێندوە
و کام وانانەت خوێندوە و پڕۆژەی کاری بڕوانامەکەت
چی بوە.
نزیکی چوار مانگ دەخایێنێت تا دەزگای دەوڵەتی
کاروباری خوێندگە باڵاکان لە بەراوردکردنی بڕوانامەکەت
دەبێتەوە بۆ ئەوەی پێت بڵێت بڕوانامەکەت بایی چەندە
لە سوید.

کە زانیان پلەی بڕوانامەکەت بایی چەندە ئەوسا ئەوان
بەڵگەنامەیەکت بۆ دەنووسن.
ئەو بەڵگەنامەیە مانای ئەوە نیە کە تۆ بڕوانامەیەکی
سویدیت وەرگرتوە. بەڵام تۆ دەتوانیت لە کاتی داواکردنی
کاردا ئەو بەڵگەنامەیە بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی خاوەنکارەکە
بزانێت تۆ چی دەتوانیت.

## خوێندگای باڵا و زانکۆ
(Högskola och universitet)

لە سوید حکومەت ئاگای لەوەیە کە
خوێندنگای باڵا و زانکۆکان هەبن.
تۆ دەتوانی لە ئاستەکانی بناغەیی،
پێشکەوتووتر و یان لە ئاستی
توێژینەوەد دا بخوێنیت،

دەزگای دەوڵەتی کاروباری خوێندنی باڵا ئەو دەزگایەیە کە
چاودێری و کونترۆڵ دەکات کە هەموو خوێندنە باڵاکان باش بن.

### زانکۆی لینشۆپینگ (Linköpings universitet)

زانکۆی لینشۆپینگ 25 هەزار خوێندکار
و 3 500 کارمەند و زیاتر لە 100
پرۆگرامی خوێندنی هەیە.

تۆ دەتوانیت لە بواری تەکنیك، زانستە سروشتیەکان،
پزیشکی، چاودێری نەخۆشی، زانستی کۆمەڵگەیی،
زانستیی رەفتار، وانە مرۆڤایەتییەکان، زمان ، فەلسەفە

و مێژوو بخوێنیت.

زانکۆی لینشۆپینگ لە دوو شاردا هەیە:
لە لینشۆپینگو لە نۆرشۆپینگ.

rune
regional utveckling
för nyanländas etablering

4. بازاری خانووبەرەی ســــویدی

لە سوید تۆ دەتوانیت خانوو یان بە کرێ بگریت
و یان بیکریت و ببیتە خاوەنی.
دەتوانی خانوویەکی بە کرێت هەبێت، یان ئاپارتمان/شوققەیەك و یان ڤیللایەك بکریت.

## **مافی بەکرێگرتن** (Hyresrätt)

ئەگەر تۆ ئاپارتمانێکت/شوققەیەکت بە کرێ گرت لە کۆمپانیایەك
کە ئاپارتمان دەدات بە کرێ ئەوە مانای ئەوەیە تۆ لە خانووی
مافی بەکرێگرتندا دەژیت.

تۆ کرێچیت
و ئەوەش کە خاووەکەی بە کرێ داویتێ بەکرێدەرە.

یاسای بەکرێدان رێسای خۆی هەیە
دەربارەی ئەوەی کە دەبێ تۆ چی بکەیت
و کەسی بەکرێدەریش دەبێ چی بکات.

## **کرێچی دەبێ ئەم شتانە بکات**:
(Det här ska hyresgästen göra)

تۆ دەبێت لە کاتی خۆیدا کرێکە بدەیت
و دەبێ ئاگات لە باشی ڕاگرتن و چاودێری
شوقەکەت بێت.
نابێ دراوسێکانت وەرس بکەیت و ئەگەر شتێك لە
شوقەکەدا شکا دەبێ بە کەسی بەکرێدەر بڵێیت.

تۆ لە دوایی هەموو مانگێکدا کرێ
دەدەیت بۆ ئەو مانگەی دوایی کە دێت.
ئەگەر کرێکە نەدەیت لەوانەیە شوقەکەت
لەدەست بچێت.
لە پەیماننامەی بەکرێدانەکەدا نووسراوە
کرێکە چەندە.

دەبێ ئاگات لە باشی ڕاگرتن و چاودێری شوقەکەت بێت.
دەبێ پەنجەرەکان، پانکەی هەوابردنە دەرەوەی مەتبەخ،
تەباخ, سەلاجەو فریزەر، تەوالێت، قفڵی ئاوەکە و ئاوەڕۆی
ئەرزەکە پاك بکەیتەوە.
تۆ خۆت گلۆپ و فیوزەکانی کارەبا دەگۆڕیت.

ئەگەر گیروگرفتی قفڵی داخستنی کارەبا و پلاکی کارەبای
دیوارەکانت هەبوو ئەوا دەبێ بە بەکرێدەرەکە بڵێیت.
ئەگەر شتێك بشکێنیت دەبێ خۆت پارەکەی بدەیت.

ئەگەر خۆت ویستت ئەوا مافت هەیە ناو شوققەکەت بۆیە
بکەیتەوە و کاغەز لە دیوارەکان بدەیت. بەڵام ئەو کارانە
دەبێ ڕێکوپێك بکرێن وبەوە نابێ شوققەکە تێك بدەیت.

تۆ مافت نیە دیوارەکانی ماڵەکە لابەیت
یان دیواری تر دانێیت ئەگەر پێشەکی
لە کەسی بەکرێدەرت نەپرسیبێت

ئەگەر ویستت سینیەکی پەرەبۆڵ دانێیت ئەوا
لەگەڵ بەکرێدەرەکە قسە بکە بۆ ئەوەی بە
شێوەیەکی ڕاست و باش سینیەکە دانێیت.

ئەگەر تۆ کرێچی بوویت لە خانوویەکی
وادا کە کرێچی تریشی تیا بژی نابێ وەرس
و بێزاریان بکەیت.
تۆ نابێ مۆسیقا بە دەنگێکی بەرز لێبدەیت
و یان بقیژێنیت و هاوار بکەیت.

ئەگەر ئاهەنگ و بۆنەت هەبوو ئەوا شتێکی
باشە ئەگەر پێش ئەوە بە دراوسێکانت بڵێیت.

ئەگەر دراوسێکانت زۆر سکاڵایان کردوو تۆ هەر
بەردەوامبوویت لە سەر بێزارکردنیان
لەوانەیی شوققەکەت لە دەست بچێت.
ئەگەر تۆ بێزارکرایت لە لایەن دراوسێکانتەوە
ئەوا لەگەڵ لایەنی بەکرێدەر قسە بکە.

## لایەنی بەکرێدەر دەبێ ئەم شتانە بکات:

(Det här ska hyresvärden göra)

ئەگەر ویستت دەبێ بتوانیت بۆ پەیوەندی دەنگت
بە بەکرێدەردا بگات؟
لایەنی بەکرێدەر دەبێ ئەو شتانە چاك بکاتەوە
کە شکاون و عەیبدارن.
لایەنی بەکرێدەر دەبێ ئاگای لەوەبێت کە خانوەکە
کەموکوڕی تیا نەبێت.
لایەنی بەکرێدەر دەبێ ئاگای لەوەبێت کە گەرمی
و ئاوی گەرم لە خانووەکەدا بێت.
لایەنی بەکرێدەر دەبێ ئاگای لەوەبێت کە تۆ بێزار
نەکرێیت.

یاسای بەکرێدان دەڵێ شوقەیەك دەبێ ئەم شتانەی
تیابێت:

- گەرمی
- ئاوی سارد و گەرم
- زێراب
- تەوالێت، دەستشۆرگا، دوش و بانیۆی حەمام
- کارەبا
- شوێنی جلشتن
- ئەمبار/مەخزەن لە هەورەبان یان لە نهۆمی ژێر ئەرز

جاری واش هەیە ئەمبار/مەخزەن لە ناو شوققەکەدایە.

## بیمەی ماڵ (Hemförsäkring)

ئەوەشتێکی گرنگە کە تۆ بیمەی ماڵەکەت کردبێت.
ئەگەر ئەو بیمەیەت نەبێت ئەوا بۆ وێنە لەکاتی
ڕوودانی ئاگرکەوتنەوە و بۆری ئاوتەقین/لافاو لە

شوققەکەتا ئاستەنگت تووش دەبێت و زۆر
دەکەوێت لە سەرت.

## ئەو ژوورانەی لەگەڵ کرێچی تردا بە هاوبەشی بەکاری دێنیت
(Rum som du delar med andra hyresgäster)

ئەگەر ژوورێکت گرتبو لە ماڵێکدا لەگەڵ کرێچی تردا
هەندێ شوێنی هاوبەشتان هەیە کە بۆ هەمووتانە.
لەوانە: شوێنی جلشتن، ژووری ژێر زەمین، هەورەبان،
تارمەی قادرمەکانی لێیە و حەوشەی دەرەوەی بەر ماڵەکە.

ژووری شوێنی جلشتن بەم جۆرە بەکار دەهێنیت:

- کات بگرە بۆ جلشتن
- رەچاوی ئەو ئامۆژگاریانە بکە بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی مەکینەی جلشتنەکان
- پاش جلشتن ژوورەکە گسك بدە و پاکی کەرەوە
- پێش ئەوەی برۆیت مەکینەی جلشتنەکانیش بشۆ

تارمەی دەوروبەری قادرمەکان ئاوا بەکاردێنیت:
کەس نابێ پاسکیل، عەرەبانەی منداڵ، پێڵاو، داری خلیسکاندنی سەر بەفر، خلیسکێنەی منداڵ یان شتی تر لەوێ دابنێت. ئەو شتانە نابێ رێگربن ئەگەرلە تارمەی قادرمەکان ئاگرێك کەوتەوە. تۆش نابێت بوەستیت و رێگر بیت ئەگەرلە تارمەی دەوروبەری قادرمەکان ئاگرێك کەوتەوە. هەروەها قەدەغەیە ئەگەر شتی وا لەوێ دابنرێت کە ئاسان گڕ دەگرن وەك رۆژنامە و یان کیسەی کە زبڵ و خوڵ و پاشماوەی تیابێت.

## ئەگەر تۆ لە شوققەکەت گواستەوە:
(Om du ska flytta från din lägenhet)

ئەگەر بتەوێت بگوێزیتەوە ئەوا سێ مانگت
بوار هەیە بۆ وازهێنان.
ئەمەش مانای ئەوەیە کە تۆ دەبێ 3 مانگ پێش
گواستنەوەکەت ئاگاداری لایەنی بەکرێدەر بکەیت
و پێی بڵێت کە دەتەوێت بگوێزیتەوە.

کاتێك تۆ ویستت لە شوققەکەت بگوێزیتەوە بەکرێدەرەکە
دێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی شوققەکە بکات.
ئەگەر ئەو شتی شکاو و زەرەرلێکەوتووی دۆزیەوە ئەوا
دەبێ تۆ مەسرەفی چاککردنەوەی ئەو شتانە بدەیت.
ئەگەر تۆ گواستتەوە و شوققەکەت باش پاکنەکردبێتەوە
ئەوا مەسرەفی هەقی پاککردنەوەی شوققەکەت لێدەستێنن.

## کۆمەڵەی کرێچیەکان (Hyresgästdföreningen)

تۆ دەتوانیت ببیتە ئەندامی کۆمەڵەی کرێچیەکان.
ئەمە رێکخراوێکە کار دەکات بۆ پشتگیریکردنی کرێچێکان.
ئەم کۆمەڵەیە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنی بەکرێدەردا
ئامادە دەبێت دەبێت بۆ بریاردان لەسەر ئاستی بەرزی کرێ.

## هەبوونی مافی ئەپارتیمەنت (Bostadsrätt)

ئەمە جۆرێ لە شوققەیە کە تۆ دەیکریت، هەم بە کڕین
و هەم بە کرێیە.

تۆ بەشێك/پشكێك دەكریت لە كۆمەڵەی هەبوونی
مافی هاوبەشی ئەپارتیمەنتدا و هەموو مانگێك
مزەیەك دەدەیت بەو كۆمەڵەیە.
ئەو پارەیەی دەیدەیت بەكار دەهێپنرێت بۆ چاككردن
و نوێكردنەوەی خانوەكان و ڕاگرتنی بیناكە بە باشی.
ئەگەر سەلاجەكەت یان فرێزەرەكەت شكا دەبێ
لەسەر مەسرەفی خۆت چاكی كەیتەوە چونكی
خۆت خاوەنی ئەو شتانەی.

## شوققەیەك كە هی خۆت بێت (Ägarlägenhet)

ئەم جۆرە شوققەیەی كە خۆت دەبیتە خاوەنی
شتێكی نوێ یە و هەر لەو بینایانەدان كە نوێ
دروستكراون. تۆ دەیتە خاوەنی شوقەكەی
خۆت بەڵام بەشت نیە لە كۆمەڵەی مافی
هەبوونی شوققەدا.

## ڤیللا (Villa)

تۆ خۆت ڤیللایەك یان خانوویەكی شانبەشان
لە ریزدا دەكریت كە خۆت دەبیتە خاوەنی و
هەر خۆشت ئاگات لێی دەبێت.

## سوودلێوەرگرتنەوە (Återvinning)

لە سوید سوود لە زبڵ و پاشماوەكانمان وەردەگرینەوە.
ئەمەش مانای ئەوەیە كە جارێكی تر بەكاریان
دێنینەوە بۆ ئەوەی ژینگە رزگار بكەین.
بۆ وێنە لە ڕۆژنامەی كۆن كاغەزی نوێ دروست
دەكەینەوە و لە قتووی شووشەی كۆن بوتڵی
شووشە دروست دەكەینەوە.

لە شارەوانیەكەی تۆدا ئیستگەی سوودلێوەرگرتنەوە هەیە.
لەوێ ئەو زبڵ و پاشماوەانە فرێدەدەیت لكە دەتوانرێت
جارێكی تر سوودیان لێوەربگیرێتەوە.
تۆ زبڵ و پاشماوەكان هەر جۆرەی بۆخۆی بەم جۆرە
جیابكەرەوە:

- كاغەز
- كانزا
- شووشە
- پلاستیك
- رۆژنامە

5. سـیـستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی و قەرەبووە ئابووریەکانی تـر

## قەرەبووی پێناسین و پێئاشناکردن
(Introduktionsersättning)

کاتێك تۆ بەشداری خولەکانی پێناسین و پێئاشناکردنی سەر بە شارەوانی دەکەیت ئەوا قەرەبووی پێناسین و پێئاشناکردن وەردەگری.

شارەوانیە جیاوازەکان ڕیسای جیاوازیان هەیە بۆ ئەم قەرەبووە.
بەڵام لە هەموو شارەوانیەکاندا کاربەدەستێکی جێبەجێکردنی کارەکان پێکەوە لەگەڵ تۆ نەخشەیەکی پێناسین و پێئاشناکردن دادەنێن کە دەبێ تۆ لەسەری بڕۆیت.

## سـندووقی بیمە (Försäkringskassan)

هەموو ئەو کەسانەی کە لە سوید دەژین
و کار دەکەن سەر بە سندوقی بیمەی سویدن.
ئەمە مانای ئەوەیە بۆ وێنە کە تۆ چویتە
لای پزیشك یان لە نەخۆشخانە کەوتیت
پێویستە هەر مزەیەکی کەم دەدەیت.

ئەمە مانای ئەوەشە کە کاتێك تۆ پیر
بوویت، یان تۆ مندالّت هەبێت یان کاتێك
تۆ نەتتوانی بە ئاسایی کار بکەیت
و نەخۆش بویت یان وەزیفەی و کاری
ئەندامەکانی لەشت کەم بووەوە وا مافت
هەیە کە قەرەبوو لە حکومەت وەرگریت.

## کێ بڕیار دەدات لەسەر دانی بیمەی کۆمەڵایەتی؟
(Vem bestämmer om socialförsäkringen?)

پەرلەمانی سویدی بڕیاری لەسەر ئەوە داوە
کە چۆن بیمەی کۆمەڵایەتی بەڕێوە ببرێت.

سندووقی بیمە دەزگایەکی دەوڵەتیە
کە لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا تۆ ئەو پارەیەت
پێویستە و مافت هەیە وەریگریت یان نا،
هەر ئەوانیشن کە پارەکەت بۆ دەنێرن.

## ئەو قەرەبووانەی تۆ وەریدەگریت کە منداڵت هەیە
(Ersättningar för dig som har barn)

### دەرماڵەی منداڵ (Barnbidrag)

لە سوید هەموو منداڵەکان تا تەمەنیان دەبێتە
16 ساڵ پارەی یارمەتی منداڵ وەردەگرن.
ئەو منداڵانەی کە جارێ هێشتا لە پلەی خوێندنی
سەرەتایین و تەمەنیشیان 16 ساڵی پڕ کردۆتەوە
مافی وەرگرتنی دەرماڵەیان بۆ درێژ دەکرێتەوە.
دەرماڵەی منداڵ دەدرێت بە دایك و یان باوکی

منداڵەکە. ئەگەر یوە لەپێەوە ئاگاداری نەدەن
کە دەتانەوێت پارەکە بچێت بۆ باوکەکە ئەوا
پارەکە یەکسەر دەچێت بۆ دایکی منداڵەکە.

دەرماڵەی منداڵ بۆ یەکەم جار مانگێك دوای
ئەو مانگەی منداڵەکەی تیا لەدایك بوە دەنێردرێت.
ئەگەر منداڵێش گواستیەوە و هات بۆ سوید ئەوا
پارەکەی مانگێك دوای ئەو مانگە دێت کە دەزگاکانی
دەوڵەت ئاگادار دەبن لە هاتنی منداڵەکە.

ئەگەر تۆ دوو منداڵ یان زیاترت هەبوو ئەوا
ئەو یارمەتیە بۆ هەر یەك لەو منداڵانە دێت.

## دراوی دایك و باوکان (Föräldrapenning)

دراوی دایك و باوکان بۆ ئەو دایك و باوکانەیە کە دەیانەوێت
لە کارەکەیانی بەتاڵی وەرگرن بۆ ئەوەی بەدیار منداڵەکانیانەوە
بن.
تۆ دەتوانیت ماوەی 480 ڕۆژ دراوی دایك و باوکان وەربگریت
ئەو دایك و باوکانەی دووانەیان دەبێت دەتوانن بێجگە لەوە
180 ڕۆژی تریش وەرگرن

تۆش کە دووگیانیت دەتوانیت
دراوی دایك و باوکان وەربگریت
ئەویش لە ڕۆژی 60 هەمی پێش منداڵبونەکەوە
تۆ دەتوانیت دراوی دایك و باوکان وەرگریت لەو
ماوەیەدا هەتا منداڵەکەت 8 ساڵ پڕدەکاتەوە وەیان
و تامنداڵەکە ساڵی یەکەمی خوێندنی تەواو دەکات.

کاتێك منداڵێك لە دایك دەبێت باوکەکەی دەتوانێت
دراوی دایك و باوکانی کاتیی وەربگرێت.

## دراوی چاودێری (Vårdbidrag)

ئەگەر منداڵەکەت پێویستی بە چاودێری تایبەت
بوو بەلای کەمەوە بۆ ماوەی شەش مانگ بوو
ئەوا  دەتوانیت دراوی چاودێری وەرگریت.

هەروەها دەتوانیت دراوی چاودێری وەرگریت
ئەگەر مەسرەفی زیادەت هەبو بۆ منداڵەکەت
لەبەر ئەوەی وەزیفەی ئەندامی منداڵەکە
کەمبوبێتەوە یان نەخۆش بێت.

تۆ دەتوانیت ئەم دراوی چاودێریە وەرگریت لەو کاتەوە کە
منداڵکە لە دایك دەبێت هەتا ئەو مانگی حوزەیرانەش لەو
ساڵەدا کە منداڵەکە 19 ساڵ پڕدەکاتەوە.

## پشتگیری خەرجیکێشانی منداڵ (Underhållsstöd)

هەردو دایك و باوکەکە پێویستە یارمەتی بدەن بۆ
بەخێو کردنی منداڵەکە.

ئەگەر منداڵێك لای یەكێك لە دایك یان باوكەكە ژیا ئەوا دەبێت ئەوەی تریان كۆمەكی بژێوی بدات بۆ منداڵەكە.
دایك وباوكەكان خۆیان دەتوانن بڕیار بدەن ئەو یارمەتیە چەند بێت.

ئەكەر ئەو دایكە یان ئەو باوكەی كە ئەركی پشتگیری خەرجیكێشانی منداڵەكەی لەسەر شان بوو ئەو پارەیەی نەدا ئەوا منداڵەكە مافی هەیە ئەو یارمەتییە لە دەزگای سندووقی بیمە وەرگرێت.
دەزگای سندووقی بیمە پشتگیری خەرجیكێشانی منداڵەكە دەداتە ئەو كەسەی كە منداڵەكەی لادەژی.
منداڵ دەتوانێت ئەم پشتگیری خەرجیكێشانە وەرگرێت هەتا تەمەنی دەگاتە 18 ساڵ.

## یارمەتی كرێخانوو بۆ خێزانی منداڵدار
(Bostadsbidrag för barnfamiljer)

ئەو خێزانانەی كە منداڵیان هەیە و داهاتیان كەمە دەتوانن یارمەتی كرێخانوو وەربگرنز
تۆ دەتوانیت یارمەتی كرێخانوو وەرگریت ئەگەر خانووی خۆت هەبێت یان ئەگەر كرێچی بوویت.
بەڵام ئەو یارمەتییەی وەریدەگریت دەبێت بۆ ئەو خانووە بێت كە تیایدا دەژیت. بۆ ئەوەی ئەم یارمەتی كرێخانووە وەرگریت پێویستە ناوت لە تۆمارگای دانیشتواندا لەو ناونیشانە تۆمار كرابێت.

كەم و زۆری ئەو یارمەتییە بەستراوەتەوە بە چەنێتی داهاتەكەتەوە، چەنێتی كرێكەوە، بە بچووكی و گەورەیی خانووەكەوە و هەروەها بە ژمارەی منداڵانی ناو خێزانەكەوە.

## قەرەبوو بۆ تۆ كە نەخۆشبیت یان كار و وەزیفەی ئەندامەكانی لەشت كەمبوبێتەوە
(Ersättning till dig som är sjuk eller har funktionsnedsättning)

ئەگەر تۆ نەخۆشبیت و نەتوانیت كار بكەیت ئەوا دەتوانیت پارە یان لە خاوەنكارەكەتەوە و یان لە سندووقی بیمەوە وەرگریت.

كاتێك تۆ پارە لە خاوەنكارەكەتەوە وەرگریت بەو پارەیە دەڵێن مووچەی نەخۆشی:.
و ئەگەر پارەت لە سندووقی بیمە وەرگرت ئەو كاتە پێی دەڵێن دراوی نەخۆشی.

یەكەم ڕۆژی نەخۆشكەوتنەكەت پێیدەوترێت ڕۆژی چاوەڕوانی.
مانای ئەوەیە تۆ ئەو ڕۆژە هیچ پارە و قەرەبوو وەرناگریت.

ئەگەر تۆ زیاتر لە یەك هەفتە نەخۆشبیت ئەوا پێویستە بەڵگەنامەی پزیشكیت هەبێت دەربارەی نەخۆشیەكەت كەدەیدەیتە خاوەنكارەكەت ئەگەر خاوەنكارت نەبوو ئەوا بەڵگەنامەكە دەدەیتە ســـــندووقی بیمە.

## قەرەبووی یارمەتیدەر (Assistentersättning)

ئەگەر تۆ وەزیفەی ئەندامەکانی لەشت زۆر کەم بوبوەوە ئەم بارەش دەمێك بێت وا بێت و پێویستت بە یارمەتی هەبێت بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەت بەسەر بەریت ئەوا مافت هەیە کە پارە وەرگریت بۆ ئەوەی بیدەیت بە یارمەتیدەرێکی شەخسی.

ئەمە پێیدەڵێن قەرەبووی یارمەتیدەرێك.
هەم منداڵ و هەم گەورە دەتوانن ئەم قەرەبووی یارمەتیدەرە وەرگریت.

## قەرەبووی کەمئەندامی (Handikappersättning)

ئەگەر تۆ پێویستت بە یارمەتی زیاد هەبوو لەبەر ئەوەی کە تۆ نەخۆشیت یان وەزیفەی ئەندامەکانی لەشت کەم بوبێتەوە ئەوا دەتوانیت قەرەبووی کەمئەندامی وەرگریت ئەگەر تۆ ماوەیەکی درێژ پێویستت بە یارمەتی هەبوو یان یارمەتیت پێویست بوو بۆ ئەوەی بتوانیت کار بکەیت یان بخوێنیت.

ئەو ماوەیەی کە ئەو یارمەتییەت پێویستە دەبێت بەلای کەم لە ساڵێك کەمتر نەبێت

## پاڵپشتی چالاکی (Aktivitetsstöd)

ئەگەر تۆ لە ناو پرۆگرامێکی سیاسیی بازاڕی کاردا بوویت کە لەلایەن دەزگای کاردۆزینەوەوە پێت درابێت ئەوا مافت هەیە کە پاڵپشتی چالاکی لە سندووقی بیمەوە وەرگریت.

تۆ مافت هەیە پاڵپشتی چالاکی وەرگریت ئەگەر تۆ لەو پرۆگرامی سیاسیی بازاری کارەدا ناوت هەبێت:

- زەمانەی/گەرەنتی کار و گەشەکردن
- فێربوون و خوێندنی سەر بە بازاری کار
- چارەکردنی گەڕاندنەوەی سەر باری پێشوو لە ڕێگەی کارەوە
- تاقیکردنەوە/پراکتیکی کار
- پاڵپشتی دامەزراندنی چالاکی بازرگانیکردن
- پرۆژەی بەرەوڕۆوبردنی ئە کەسە بۆ بازاری کار
- ڕێنمایی و ڕێنیشاندانیارمەتی خوێندن

## ناوەندی پشتیوانی دارایی خوێندن
(Centrala Studiestödsnämnden, CSN)

دەزگای ناوەندی پشتیوانی دارایی خوێندن سی ئێس ئێن بڕیار دەدات کە تۆ پارەی یارمەتی بۆ خوێندن وەرگریت یان نا.
هەر ئەو دەزگایەش پارەکەت بۆ دەنێرێت.

ئەم پشتیوانی دارایی خوێندنە هەم قەرزیشەو هەم یارمەتیشە کە دەدرێت بەو کەسانەی کە لە سوید

دەخوێنن یان سویدین و لە دەرەوەی سوید دەخوێنن

ڕێساکان جیاوازن بە گوێرەی ئەوەی خوێندنەکەت لە پلەی پاشناوەندی
و یان لە خوێتدگەی باڵایە و ئایا تۆ تەمەنت لە ژێر یان لەسەرو 20 ساڵەوەیە.

سێ ئێس ئێن ئاگاداری ئەوەش دەکات کە ئەو کەسانە قەرزی خوێندنەکە بدەنەوە.
سێ ئێس ئێن قەرزی کرێنی کەل و پەلی ناو ماڵیش دەدات کە یارمەتیەکە بۆ
پەناهەندەکان بۆ ئەوەی بتوانن کەل وپەلی پێویست بۆ ناو ماڵەکەیان بکرِن:

## ئایا تۆ تەمەنت لە ژێر 20 ساڵەوەیە و لە پلەی پاشناوەندی دەخوێنیت ؟
(Är du under 20 år och studerar på gymnasiet?)

ئەگەر تۆ پلەی پاشناوەندی دەخوێنیت و تەمەنت لە نێوان 16 ساڵ و 20
سالدایە ئەوا دەتوانیت پارەی یارمەتی خوێندن لە ناوەندی پشتیوانی دارایی
خوێندن سێ ئێس ئێن وەرگریت.

یارمەتی خوێندن سێ جۆر یارمەتیە:

- یارمەتی خوێندن
- زیادەی خراوەسەر
- زیادەی خراوەسەر بۆ خۆراك و شوێن بەکرێگرتن

### یارمەتی خوێندن (Studiebidrag)
پارەی یارمەتی خوێندن ئەمرۆ مانگی 1050 کرۆنە.
تۆ پێویست ناکات داوای پارەی یارمەتی خوێندن بکەیت
چونکی کەی 16 ساڵت پر کردەوە و لە پلەی پاشناوەندی خوێندت
ئەوا بە ئوتوماتیکی یارمەتیەکەت بۆ دێت.

### زیادەی پارەی خراوەسەر (Extra tillägg)
دەتوانیت داوای ئەم زیادەپارەیە بکەیت ئەگەر پارەی
یارمەتی خوێندنەکەت بەشی نەکردیت.

دەزگای سێ ئێس ئێن دەکۆڵێتەوە لە داهاتی باوك و دایکت
کە چەند وەردەگرن و پاشان بریار دەدات ئایا دەتوزانیت
زیادەپارەی خراوەسەر وەرگریت یان نا.
زیادەپارەی خراوەسەر لە نێوان 285 تا 855 کرۆنە لە
مانگێکدا.

### زیادەی خراوەسەر بۆ خۆراك و شوێن بەکرێگرتن
(Inackorderingstillägg)
کاتێك دەتوانیت پارەی زیادەی خراوەسەر بۆ خۆراك و شوێن بەکرێگرتن
وەرگریت کە بخوێنیت و لەلای باوك و دایکت لە ماڵەوە نەژیت. دەبێ ڕێگای
چوونە خوێندگەکەت بەلای کەم 2 سەعات بێت بۆ ئەوەی بتوانیت ئەم
زیادەی خراوەسەر بۆ خۆراك و شوێن بەکرێگرتنە وەرگریت.
زیادەی خراوەسەرە بۆ خۆراك و شوێن بەکرێگرتن دەتوانێت بۆ مانگێك
لە نێوان 1190 تا 2350 کرۆندا بێت.

پارەی یارمەتی خوێندن هەر ئەو ماوانە وەردەگریت کە دەچیتە خوێندنگا
و دەخوێنیت، مانای ئەوەیە لە کاتی پشووی هاویندا ئەو یارمەتیە وەرناگریت.

ئەگەر تەمەنت لەژێر 18 ساڵەوە بێت ئەوا ناوەندی پشتیوانی

دارایی خوێندن سیٚ ئێس ئێن  پارەکە دەنێرێت بۆ دایك و باوکت.
ئەگەر تەمەنت لە سەروو 18 ساڵەوە بێت ئەوا ناوەندی پشتیوانی
دارایی خوێندن سیٚ ئێس ئێن پارەکە دەنێرێت بۆ خۆت.

## ئایا تۆ تەمەنت لە سەرو 20 ساڵەوەیە و لە پلەی خوێندنگەی باڵا، زانکۆ و یان خوێندنێکی تر دەخوێنیت؟

(Är du över 20 år eller studerar du på högskola, universitet eller annan utbildning?)

ئەگەر تۆ لە پلەی خوێندنگەی باڵا، زانکۆ و یان خوێندنێکی تری
دوای پلەی پاشناوەندی  دەخوێنیت ئەوا مافی وەرگرتنی (Studiemedel)
پارەی خوێندنت هەیە.

بۆ خوێندنی پلەی بناغەیی و پلەی پاشناوەندی تۆ دەتوانیت
پارەی خوێندن وەرگریت هەتا نیوەی دووەمی
ئەو ساڵەش کە تەمەنت تیایدا دەبێتە 20 سال.

تۆ مافی وەرگرتنی پارەی خوێندنت  هەیە هەرە درەنگەکەی
تا ئەو ساڵەش کە تەمەنت تیا دەبێتە 54 ساڵ.

پارەی خوێندن بریتیە لە بەشی قەرزی خوێندن و
بەشی یارمەتی خوێندن.
ناوەندی پشتیوانی دارایی خوێندن ئەو پارەیە دەنێرێت

ئەگەر خوێدنەکەت بۆ هەموو کاتەکە بێت هەموو وەرزی
خوێندنێك دەتوانیت داوای قەرزی خوێندن و یارمەتی
خوێندن بکەیت.
لە ناوەندی پشتیوانی دارایی خوێندنەوە سیٚ ئێس ئێن
دەتوانیت مانگی هەرە زۆرەکەی 7 492 کرۆن وەرگریت.

لەو پارەیە 2572 کرۆنی یارمەتی خوێندنە
و 4 920 کرۆنیشی قەرزی خوێندنە.
تۆ خۆت بڕیار دەدەیت ئایا دەتەوێت تەواوی هەموو
یارمەتی خوێندنەکە و تەواوی هەموو قەرزی خوێندنەکە
وەرگریت یان نا.

## منداڵت هەیە و دەشخوێنیت؟

(Har du barn och studerar?)

ئەگەر تۆ بخوێنیت و منداڵیشت هەبیٚ ئەوا دەتوانیت
زیادەپارەی خراوەسەر وەرگریت بۆ منداڵەکەت. تۆ
دەتوانیت ئەم زیادەپارەیە وەرگریت تا ئەو نیوەی
ساڵەی کە منداڵەکەت تەمەنی دەبێتە 18 ساڵ.

کەم و زۆری ئەو زیادەپارەیەی وەریدەگریت
بەستراوەتەوە بە ژمارەی منداڵەکانتەوە.
ئەگەر یەك منداڵت هەبێت و هەموو کاتەکە بخوێنیت
ئەوا مانگی 492 کرۆن وەردەگریت. ئەگەر 4 منداڵت
هەبوو ئەوا مانگی 1 128 کرۆن وەردەگریت.

## تۆ مافت هەیە کار بکەیت (Du har rätt att arbeta)

ئەگەر تۆ دەخوێنیت مافت هەیە لە هەمان کاتدا کار بکەیت.
دەتوانیت مەبلەغێکی سنووردار پەیدا بکەیت بێ ئەوەی ئەو
پارەیە کار بکاتە سەر وەرگرتنی پارەی یارمەتی خوێندن.
ئەگەر تەواوی کاتەکە بخوێنیت دەتوانیت هەر وەرزێك
هەتا 250 51 کرۆن بەکار پەیدا بکەیت بێ ئەوەی یارمەتی
خوێندنەکەت یان قەرزی خوێندنەکەت کەمبکرێتەوە.

ئەگەر بەشێك لە کاتەکە بخوێنیت دەتوانی بەکار زیاتریش پەیدا بکەیت.

## تا ماوەی چەند مافت هەیە یارمەتی خوێندن وەرگریت؟
(Hur länge får du studiemedel?)

کورت و درێژی ماوەی وەرگرتنی یارمەتی خوێندن
بەستراوەتەوە بە وەوە تۆ چی دەخوێنیت.

ئەگەر لە خوێندنگەی باڵا یان زانکۆ و یان خوێندنێکی
تری پیشەیی لە پلەی دوای پاشناوەندی بخوێنیت ئەوا
دەتوانیت 240 هەفتە یارمەتی خوێندن وەرگریت،
بە مانای ماوەی 6 ساڵ.

ئەگەر تۆ وەك گەورەساڵێك لە پلەی پاشناوەندی بخوێنیت
دەتوانیت 120 هەفتە یارمەتی خوێندن وەرگریت،
بە مانای ماوەی 3 ساڵ.

ئەگەر تۆ لە پلەی سەرەتاییدا بخوێنیت
دەتوانیت هەرە زۆرەکەی تا 100 هەفتە یارمەتی خوێندن وەرگریت،
ئەمەش بەندە بەوەوە ئایا تۆ لەوەوپێش لە پلەی سەرەتاییدا خوێندووتە یان نا.

ئەگەر تۆ بخوێنیت دەبێ خۆت داخوازینامەی یارمەتی خوێندن بکەیت.
دەزگای ناوەندی پشتیوانی دارایی خوێندن سێ ئێس ئێن دەڵێت تۆ دەبێ بەشی
زۆری خوێندنەکەت تەواو بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت بۆ وەرزەکانی داهاتوو
بەردەوامبیت لە وەرگرتنی پارەی یارمەتی خوێندن.

## قەرزی کرینی کەل و پەلی ناو ماڵ
(Hemutrustningslån)

ئەگەر تۆ بێگانە بیت و وەك پەناهەندە هاتبیتە
شارەوانیەکە دەتوانیت لە دەزگای ناوەندی پشتیوانی
دارایی خوێندن سێ ئێس ئێن قەرز وەرگریت.
ئەمە پێی دەڵێن قەرزی کرِینی کەل و پەلی ناو ماڵ.

ئەم قەرزی کرینی کەل و پەلی ناو ماڵە دەتوانیت
بەکاربێنیت بۆ کرِینی شتە پێویستەکانی ناو ماڵ
وەك مۆبیلیا و قاپ و قاجاخ.

کاتێك تۆ قەرزەکە دەگەرِێنیتەوە بۆ دەزگای
سێ ئێس ئێن ئەوا قەرزەکە فایزیشی دەچێتە سەر.
ئەم فایزەش مەسەفە کە دەچێتە سەر قەرزەکە.

کەم و زوری ئەو قەرزە کە دەتدرێتێ بەندە بەوەوە
لە کوێدا دەژیت و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە چەندن.
ئەگەر تۆ سەڵت بیت و لای کەسێکی تر بژیت دەتوانیت
هەرە زۆرەکەی 5000 کرۆن قەرز بکەیت.
ئەگەر تۆ خۆت و خێزانەکەت شوقەی خۆتان هەبێت
و ژمارەی خێزانەکە 5 کەس یان زیاتر بن ئەوا  دەتوانن
هەرە زۆرەکەی 35 000 کرۆن قەرز بکەن.

کە دوو ساڵ بەسەر قەرزکردنەکەدا تێپەڕ بوو  دەست
دەکەیتەوە بە گەڕاندنەوەی قەرزەکە. دەزگای  ناوەندی
پشتیوانی دارایی خوێندن سیٚ ئێس ئێن فایز لەو ڕۆژەوە
دەخاتە سەر قەرزەکە کە پارەکەت وەرگرتوە.
ئەگەر بتەوێت دەتوانیت زوو تر دەست بکەیت بە گەڕانەوەی
قەرزەکە. دەشتوانیت هەموو قەرزەکە بە یەك جار بگەڕێنیتەوە.
ساڵی 2008 فایز 4,55 ٪  لەسەدایە.

زیاتر دەربارەی دەزگای  ناوەندی پشتیوانی دارایی خوێندن بخوێنەرەوە لە:
www.csn.se

## کۆمەکی ئابووری کە پێشی دەوترێت یارمەتی کۆمەڵایەتی

(Ekonomiskt bistånd som
också kallas socialbidrag)

تۆ دەتوانیت کۆمەکی ئابووری وەربگریت ئەگەر
نەتتوانی بەشێوەیەکی تر خۆت بژێنی.
بەڵام ئەم کۆمەکە هەر بۆ ماوەیەکی سنووردارە کە
خۆت ناتوانیت خۆت پێداویستی خۆت هەڵسووڕێنی.

شارەوانی بڕیار لەسەر ئەو کۆمەکە ئابووریە
دەدات و پارەکە دەدات.
زوربەی جار کارمەندێکی جێبەجێکەری
کاروبارە لە بەشی خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان
کە ئەم جۆر کارە دەکات.

کاتێك کارمەندی جێبەجێکەری کاروبارەکان
کۆمەکی ئابووری دەدات تەماشای نۆرمی/پێوەری
سەرانسەری هەموو وڵات دەکات.
پێوەری وڵات پێت دەڵێت کەسێك چەند پارەی
پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانی خۆی لە سوید
بەڕێوە بەرێت.
حکومەت هەموو ساڵ بڕیار دەدات کە پێوەری
سەرانسەری هەموو وڵات چەند بێت.

کاتێك تۆ داوای کۆمەکی ئابووری دەکەیت ئەوا یارمەتیت
دەدرێت بۆ کرێ، مەسرەفی کارەبای ماڵەکەت، بیمەی ماڵ،
خواردەمەنی، جل و پێڵاو، یاری و پێویستی کاتی بەتاڵ،
تەندروستی خۆچاکراگرتن، ڕۆژنامەی ڕۆژانە، پارەی
تەلەفۆن و هەقی بوونی تەلەفزیۆن.

rune
regional utveckling
för nyanländas etablering

ئەگەر توانیت هەرچۆنێك بێت خۆت بژێنیت ئەوا یارمەتیت دەدرێت بۆ شتی تر.
دەتوانرێت کۆمەکی ئابووریت بدرێتێ بۆ چاودێری نەخۆشی و کڕینی دەرمان، چاودێری ددان و هەروەها کەلوپەلی ناوماڵ و چاویلکە.
زووربەی شارەوانیەکان قەرەبووی ڕێوشوێن نیشاندانیان هەیە کە لە پێوەری سەرانسەر زیاترە و تۆ پارەیەکی زیاتر وەردەگریت وەك لە کۆمەکی دارایی.
هەندێك شارەوانی سەیری ئەوەش دەکەن ئایا تۆ خۆت دەتوانیت پارە کۆبکەیتەوە بۆ وێنە بۆ مەسرەفی چاودێری ددان.

تۆ دەبێت خۆت داوای کۆمەکی دارایی بکەیت.
تۆ دەتوانیت کەی بتەوییێت داوای کۆمەکی دارایی بکەیت.
کاتێك تۆ داوای ئەم جۆرە کۆمەکە دەکەیت شارەوانی دەڕوانێتە داهاتی هەموو خێزانەکەت.
ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو پارانەی کە بۆ ئەندامەکانی تری خێزانەکە دێت وەك دراوی دایك و باوکان، پارەی یارمەتی منداڵ و قەرەبووی پێناسین، وەك داهاتی هەموو خێزانەکە حسێب دەکرێت.

6. مافی منداڵ و سیاسەتی خێزانیی سویدی

ئێمە زۆرجۆری پێکەوەژیانمان هەیە لە سوید.
لای ئێمە ژن و پیاو پێکەوە دەژین
پیاو و پیاویش پێکەوە دەژین
ژن و ژنیش پێکەوە دەژین.

ئێمە بە تەنیا دەژین وەك سەڵت،
یان لە ناو خێزانێکدا کە منداڵی کەمە و یان لە ناو خێزانێکی بچووکدا کە منداڵی زۆرە و لەوانەشە کە هەموو منداڵەکان لە هەمان دایك و باوك نەبن
ئێمە لە خێزانی واشدا دەژین کە پێکهاتووە لە نەوەی/بەرەی/جیلی جیاواز.

## **مافەکانی منداڵ** (Barns rättigheter)

## پەیماننامەی ڕێکخراوی نەوەیەکگرتوەکان دەربارەی منداڵ
(FN:s barnkonvention)

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان (FN) ف ن پەیماننامەیەکی هەیە دەربارەی مافەکانی منداڵ.
ف ن ساڵی 1989 ئەو پەیماننامەیەی پەسەند کرد.

وڵاتانی جیهان، جگە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و سۆمال نەبێت، هەموو وتیان بەڵێ بۆ ئەو بەڵێننامەیە.

سیاسەتی سویدی زوربەی جار پەیڕەوی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەوەیەکگرتوەکان دەکەن لەسەر مافی منداڵ.
پەیماننامەی منداڵان مافەکان دەداتە منداڵان.
ئەو پەیماننامەیە منداڵ دەپارێزێت و دەڵێت:

- نابێت هیچ منداڵێك مامەڵەی جیاوازبینی/هەڵاواردنی لەگەڵ بکرێت لەبەر جیاوازی شوێنی لە دایکبوونیان، نێر و مێییان، دینەکەیان و یان کەموکوڕی لە وەزیفەی ئەندامەکانی لەشیدا.

- کاتێك دەزگایەك بڕیارێك دەدات کە پەیوەندی بە منداڵێکەوە هەبێت پێویستە هەمیشە بیر لەوە بکاتەوە کام شتە هەرە باشە بۆ منداڵەکە.

- منداڵ و گەنجان دەبێ مافی ژیانیان هەبێت و بتوانن بە شێوەی ئاسایی خۆیان نشوونما بکەن و هەر ئەوەندەش بکەن کە لە توانایاندایە.

- منداڵ و گەنجان دەبێ مافیان هەبێت ئەوەی بیانەوێت بیڵێن دەربارەی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە.

پەیماننامەی دەربارەی منداڵان دەڵێ کە دەوڵەت دەبێ ئاگای لەوە بێت کە هەر منداڵێك مافەکانی خۆی هەبێت.
دەوڵەت دەبێ پشتگیری لە خێزانەکان بکات و کارئاسانیان

بۆ بکات کە بتوانن بە باشترین شێوە ئاگایان لە منداڵەکانی
خۆیان بێت و چاودێریان بکەن.

## یاسا سویدیەکان (Svenska lagar)

لە سوید یاسای خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان و یاسای
دایك و باوکان کە هەردووکیان پاراستنێکن بۆمنداڵ
لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.

بەگوێرەی یاسای خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان و یاسای دایك و
باوکان منداڵ ئەوانەن کە تەمەنیان لە ژێر 18 ساڵەوەیە.

## یاسای دایك و باوکان (Föräldrabalken)

یاسای دایك و باوکان دەڵێت کە هەموو منداڵەکان
مافی چاودێری، بژێوی، ئاسوودەیی، خوێندن و
پەروەردە/گەورەکردنیان هەیە.

کەسی سەرپەرشتیار/بەخێوکەری
یاسایی بەرپرسیارە کە هەموو ئەو
شتانە بۆ منداڵ برەخسێنێ کە مافی
هەیە.

قەدەغەیە کە پیاو لە منداڵی خۆی بدات.
دایك و باوك مافیان نییە سووکایەتی بە منداڵی خۆیان بکەن.

## یاسای خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان (Socialtjänstlagen)

شارەوانی دەبێت ئاگای لە وەبێت کە هەموو منداڵێك
لەو شارەوانیەدا وەزعی باشە.

بەرێوەبەرایەتی کاروبارە کۆمەڵایەتیەکان پێویستە
چارەیەك بکات ئەگەر وەزعی منداڵێك باش نەبێت
یان لێی بدرێت و یان بەخێوکەری یاسایی منداڵەکە
نەتوانێت ئەوە برەخسێنێت کە مافی منداڵەکەیە.
ئەمە لە یاسای خزمەتە کۆمەڵایەتیەکاندا هاتووە.

ئەگەر دایك و باوك خواردنی نەدا بە منداڵەکە و
یان لە منداڵەکەیان دا و سووکایەتیان پێکرد ئەو
کاتە بەرێوەبەرایەتی کاروبارە کۆمەڵایەتیەکانی
شارەوانی دەبێت هەنگاو بنێت و شتێك بکات.

ئەگەر منداڵێك وەزعی باش نەبوو ئەو کاتە
بەرێوەبەرایەتی کاروبارە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت
هاوکاری بکات لەگەڵ خێزانی منداڵەکە و ئاگاداری
ئەوە بێت کە منداڵەکە ئەو یارمەتیی و پاراستن و
پشتگیریەی بکرێت کە پێویستیەتی.

## باشترین باری منداڵ جڵەوگیرە (Barnets bästa styr)

باری هەرەباشی منداڵ هەمیشە جڵەوگیرە لە پلەی
یەکەمدایە لە کارەکانی بەرێوەبەرایەتی
کاروباری کۆمەڵایەتیدا.
بەرێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەتوانێت

ئامۆژگاری و پاڵپشتی بداتە خێزانەکە.
ئەوان دەتوانن چارەسەرکردن و چاودێری بدەن.

جاری واش هەیە بۆ منداڵەکە باشترە ئەگەر لەشوێنێکی تر و لە دەرەوەی ماڵەکەی بژی.
ئەگەر دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی و دایك و باوکەکە/بەخێوکەرە یاساییەکە نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی چی بۆ منداڵەکە بکرێت ئەوا دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێ بگەڕێت بە دوای باشترین ڕێگە و چارەدا کە منداڵەکە پێویستیەتی ئەگەر چی دایك و باوك/بەخێوکەری یاسایی منداڵەکەش ئەوەیان پێ خۆش نەبێت و ئەو هەنگاوەیان بە دڵ نەبێت.

جاری واش هەیە بەشی خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانێت بڵێت کە منداڵەکە پێویستی بە چاودێرییەکی وا  هەیە کە لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا بیدرێتێ لەگەڵ ئەوشدا کە لەوانەیە خێزانەکە حەز بەوە نەکەن.

خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان ئەو کاتە دەتوانێت بەگوێرەی یاسای چاودێری منداڵان و گەنجان (LVU) کێشەکە بەرێتە دادگای پارێزگا.
لای ئەو دادگایە لە پارێزگاکەدا خێزانەکە و منداڵەکە بریکارێکی یاساییان بۆ دادەنرێت، زۆر جار ئەو بریکارە پارێزەرە.
دادگای پارێزگا بڕیاری ئەوە دەدات ئایا ئەو منداڵە لە دایك و باوکەکەی بسەندرێتەوە و بۆ چاودێری بنێردرێتە شوێنێك لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی یان نا.

یاسای خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێت کە ئەرکی سەر شانی هەموو گەورەیەکە کە ئاگاداری بدات ئەگەر شکی کرد بار و وەزعی منداڵێك لە خراپیدا یە.

هەموو ئەو کەسانەی کە کاردەکەن لە شارەوانیدا،
لە شوورای ئەنجومونی هەرێمی و یان لای دەوڵەت
لەگەڵ منداڵ کار دەکەن دەبێ ڕاگەیاندن بدەن
ئەگەر شکیان کرد منداڵێك خراپ مامەڵە دەکرێت.

## ئەو توندوتیژییەی کە دەبەسترێتەوە بە شەرەفەوە

(Hedersrelaterat våld)

توندوتیژی و فشار لە کۆمەڵگە و لای ئەو گرووپانە هەیە کە باوك جڵەوی خێزان و کەسوکاری بەدەستەوەیە و بەڕێوەی دەبات و بەوە دەیەوێت شەرەڤی خێزانەکە بپارێزێت.

کچانی ناو خێزان، ئافرەتە گەنجەکان و هەتا کوڕەکانیش بە فشارێکەوە دەناڵێنن کە هۆکەی دەبەسترێتەوە بە مەسەلەی شەرەفەوە چونکە ئەوە دژی عادەت و نەریتی خێزانەکەیە.

کاتێك کە هەر باوك جڵەوی بەڕێوەبردنی خێزانەکەی بەدەستە ئەوا ڕۆڵی ژنەکە بندەستیە و شەرەڤی ئەو بە لایەنی جنسییەوە بەستراوەتەوە.

ئەو کاتە شتێکی گرنگە بۆ خێزانەکە کە کۆنترۆڵی
هەڵسوکەوتی جنسیی ژنەکان بکات. خێزانەکە دەبێت
بە یەکەوە شەرەف بپارێزن.

براکان و ئامۆزاکان مەجبوورن خوشکەکانیان
کۆنترۆڵبکەن.
ئەگەر کوڕەکان ئەو کارە نەکەن ئەوا خۆیان
توشی سزادان دەکەن.

## هەردوو دایك و باوك شەرەف دەپارێزن
(Båda föräldrarna skyddar hedern)

ژن لە خێزاندا بەرپرسیارە لە بەخێوکردنی
منداڵەکان و هەر ئەویشە کە خەتا بار دەبێت
ئەگەر هاتوو یەکێك لە منداڵکان شتێکی وای
کرد کە زیان بە شەرەفی خێزانەکە بگەیەنێت.

هەر ئەمەش وا دەکات کە هەم پیاوەکە و هەم
ژنەکە لە خێزانێکدا فشار بخەنە سەر کچ و
ئافرەتە گەنجەکانی ناو خێزانەکە و هەتا ئەمە
کوڕەکانیش دەگرێتەوە

ئەو توندوتیژیی وفشارە کە هۆکەی دەگەرێتەوە
بۆ شەرەف لە سوید قەدەغەیە. ئەو کەسانەی کە
لێدان و هەڕەشە بەکار دەهێنن و بەناوی شەرەفەوە
یەکێك لە خێزانەکە مەجبوور دەکەن یان دەیکوژن
بە گوێرەی یاسای سویدی سزا دەدرێن.

ئەو کەسانەی کە لە خوێندگەکان، شوێنی ئاگالێبوونی
منداڵ، دەزگای کاروباری کۆمەڵایەتی یان لە دەزگاکانی
تر کار دەکەن و منداڵ دەبینن و هەست دەکەن کە منداڵەکە
وەزعی باش نییە دەبێت ئەو زانیارییە ڕابگەیەنن.

کۆمەڵگای سویدی زۆر کار دەکات بۆ ئەوەی ئەو
کەسانە لە سوید بپارێزێت کە کوتونەتە ژێر فشار
و توندوتیژی شەرەفەوە.

## خەتەنەکردنـــــــی ژن
(Kvinnlig könsstypning)

خەتەنەکردنی ژن تاوانێکە دژی مافی
مرۆڤ و لەسوید قەدەغەیە.

هەروەها ئەوەش قەدەغەیە کە کەسێك
سەفەر بکات بۆ وولاتێکی تر بە مەبەستی
خەتەنەکردن.

ئەو یاسایەی کە خەتەنەکردن قەدەغە دەکات
لە ڕۆژی 1 ی یولی ساڵی 1988 وە کەوتۆتە گەڕ.
ئەوەی کە سەرپێچی دژی ئەم یاسایە بکات
دەتوانرێت 4 ساڵ سزای زیندانکردن بدرێت.

ئەگەر تۆش یارمەتیدەر بیت لە ئەنجامدانی
خەتەنە کردن لە وولاتێکی تر ئەوا دەتوانرێت
حوکم بدرێیت بە تاوانکردن.
خەتەنەکردنی ژن ئەوەیە کاتێك کەسێك بەشێکی
بچووك یان گەورە لە ئەندامی زاووزێی ئافرەتێك
ببڕێت یان زیانی پێبگەیەنێت.
ئەو کارە مەترسییە بۆ تەندروستی ئەو ئافرەتە،
هەم بۆ لەشی و هەم بۆ ڕۆحی.

لەوانەیە ئافرەتەکە ڕاستەوخۆ دووای خەتەنەکردنەکە
خوێنێکی یەکجار زۆری لەبەر بڕوات، تووشی شۆك و
حەپەسان ببێت و تووشی هەوکردن ببێت.

ئەندامەکانی تری لەش و دەماریش لە وانەیە
زەرەرمەند ببن.
وا ڕویداوە کە کچان پاش خەتەنەکردن مردوون.

پاشان کچەکە گەورە بوو لەوانەیە بۆی زەحمەت
بێت کە کاری جنسیی بکات و مندالی ببێت و لە
وانەشە لە باری دەروونییەوە ناڕەحەت بێت.

## خەتەنەکردنی پیاو (Manlig omskärelse)

لە سوید ڕێگا بە خەتەنەکردنی پیاو دەدرێت
ئەگەر ئەو کارە بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست
بکرێت و مەترسی نەبێت.

خەتەنەکردنی پیاو وا دەکرێت کە کەسێك
بە نەشتەرگەری چەرمی سەر زەکەری ببڕێت.

دایك و باوکی ئەو کوڕەی کە خەتەنە دەکرێت
دەبێت ئاگادار بکرێن دەربارەی ئەوەی کە
خەتەنەکردن چییە و ئیزنیان لێ وەربگیرێت.

ئەگەر کوڕێك تەمەنی ئەوەندە گەورە بوو
کە خۆی بتوانێت بڵێ کە ئەو خەتەنەکردنەی
ناوێت ئەوا نابێت خەتەنە بکرێت. ئەگەر
چی دایك و باوکەکەش حەز بکەن، ئەمە
لە یاسادا نووسراوە.

## هاوسەرێتیی (Äktenskap)

لە ژیانی هاوسەریدا دەبێ هەردوو ژن و مێردەکە
پێکەوە کاروباری منداڵ و ناو ماڵەکەیان
هەڵدەسوڕێنن.
یاسای ژنوومێردایەتی دەڵێت کە ژن و مێردەکە
هەموو مەسرەفەکان بەش دەکەن و یارمەتی
یەکتر لە کاروباری ناو ماڵەکە دەدەن.

regional utveckling
för nyanländas etablering

له سوید پیاو ناتوانێت ژن بهێنێت ئەگەر
تەمەنی لەژێر 18 ساڵەوە بێت.
ئەگەر تۆ تەمەنت لەژێر 18 ساڵەوە بێت
ئەوا دەتوانیت بۆ هاوسەرایەتی ئیزن وەرگریت
له ئەنجومەنی پارێزگا.
ژن و پیاوێك دەتوانن ببنە هاوسەری یەكتری،
دوو ژنیش دەتوانن شوو بكەن بە یەكتری و
دوو پیاویش هەر دەتوانن ببنە هاوسەر.

دایك یان باوك نابێت ببنە هاوسەر لەگەڵ منداڵی خۆیان
یان منداڵی منداڵیان.
خوشك وبراش ناتوانن شوو بكەن بەیەكتری. زڕبرا و
زڕخوشك دەتوانن ببنە هاوسەر پاش ئیزنوەرگرتن لە
ئەنجومەنی پارێزگا.
لە سوید هاوسەرێتی لەگەڵ زیاتر لە یەك ژن/یەك پیاو
لە هەمان كاتدا قەدەغەیە.

## تاقیكردنی بەربەست بۆ هاوسەریی

(Hindersprövning)

پێش ئەوەی ببنە هاوسەر دەبێ دەزگای باج
لێكۆڵینەوەی نەبوونی بەربەست بكات،
ئەویش كە سەیر دەكەن ئایا لە
ڕووی یاساوە هیچ بەربەستێك
هەیە بۆ ئەو هاوسەریەی ئێوە.

لە كاتی مارەبڕینەكەدا دەبێ هەردوو ژن و پیاوەكە
خۆیان ئامادەبن و هەردوكیان ڕەزامەندی دەربڕن
بۆ بە هاوسەربوون. هەر دوای ئەوەی هەردوو ژن
و پیاوەكە وتیان بەڵی بۆ هاوسەرێتی ئیتر كەسی
مارەبڕ ڕاستەوخۆ ڕایدەگەیەنێت كە ئەو دوانە
بوونەتە ژن و مێرد.

هەموو كەسێك ناتوانێت ببێتە مارەبڕ.
ئەوانەی مافی ئەویان هەیە ئەمانەن:

- قەشەی كلێسە سویدیەكان
- قەشەی كۆمەڵەی ئایینی تر پاش ئەوەی ئیزن لە ئەنجومەنی پارێزگا وەردەگرێت
- دادوەری دادگای سەرەتایی
- كەسانی تر كە ئیزنی مارەبڕینیان لە ئەنجومەنی پارێزگاوە وەرگرتوە وەك
نوێنەری پارتە سیاسییەكانی شارەوانی

مارەبڕین لە دەرەوەی وڵاتیش دەكرێت ئەویش لە هەندێك
باڵوێزخانەی سویدی.

## تـەڵـاق (Skilsmässa)

هاوسەرێتی لەنێوان ژن و مێردێك بەوە و تەواو
دەبێت كە هەردووكیان بمرن و یان لە ڕێگەی تەڵاقەوە.
ئەگەر تۆ یان هاوسەرەكەت ویستان لەیەك جیاببنەوە
ئەوا لەلای دادگای سەرەتایی داخوازینامە پێشكەش دەكەن.

زۆرجار پێش تەڵاقەکە ماوەی 6 مانگ بۆ بیرلێکردنەوە دەدرێتە ژن و مێردەکە.
ئەم ماوەی بیرکێکردنەوەیەتان دەدرێتێ ئەگەر منداڵتان هەبوو کە تەمەنیان لە ژێر 16 ساڵەوە بێت یان ئەگەر یەکێکتان ویستان مۆڵەتی بیرلێکردنەوەتان بدرێتێ.
پاش ئەو 6 مانگە دەبێت یەکێکتان بە دادگا ڕابگەیەنێت کە بەردەوامە لە سەر داخوازینامەی تەڵاقەکە.
خۆ ئەگەر منداڵ لە نێوانتاندا نەبوو و هەردووکیشتان ویستان جیا ببنەوە ئەوسا دادگای سەرەتایی بەزوترین کات حوکمی تەڵاق دەدات.

## سەرپەریشی منداڵ دوای تەڵاقدان
(Vårdnad om barn vid skilsmässa)

لە کاتی هاوسەرێتیدا هەردوو دایك و باوکەکە مافی یاسایی سەرپەرشتی و بەخێوکردنی منداڵەکانیان هەیە.
لە کاتی داوای تەڵاقدا دەبێت دایك و باوکەکە بیلێن ئایا ئەوان دەیانەوێت مافی سەرپەرشتی هاوبەشیی منداڵەکانیان هەبێت یان تەنها یەکێکیان ئەو مافەیان دەوێت.

ئەگەر یەکێك لە دایك و باوکەکە بەوە ڕازی نەبوو کە هەردووکیان پێکەوە مافی سەرپەرشتیی هاوبەشیی منداڵەکانیان هەبێت ئەو کاتە دادگا بڕیار دەدات ئەو مافە بداتە هەردووکیان و یان بیداتە تەنها یەکێکیان.

کاتێك دادگا ئەم جۆرە بڕیارە دەدات دەبێت بیر لە هەرە چاکەی منداڵەکە بکاتەوە.
دادگا پێویستە باش بیر لەوە بکاتەوە نەوەك منداڵەکان لای یەکێك لە باوك یان دایکەکە دووچاری لێدان و دەستدرێژکردن ببێت یان ئازار بدرێت و یان بە جۆرێکی تر تووشی مەترسی بکرێت.

هەروەها پێویستە دادگا بیر لەوەش بکاتەوە کە منداڵەکان نزیکی و پەیوەندیان لەگەڵ هەردوو دایك و باوکەکە هەبێت.

بەگوێرەی گەورەیی تەمەنی منداڵەکە دەبێت ئەوان گوێ لە خواست و ویستیی منداڵەکە بگرن.
منداڵ هەرگیز نابێ مەجبوور بکرێت کە شتێك هەڵبژێرێت.

## <u>یاسای پێکەوەژیان</u> (Sambolagen)

ئەگەر دوو کەس لە هەمان ڕەگەز یان لە دوو ڕەگەزی جیاواز لە ماڵێکدا پێکەوە ژیان و پەیوەندیان لە نێواندا هەبوو بێ ئەوەی هاوسەر بن پێیان دەوترێت

هاوژین.

یاسای هاوژینی پێمان دەڵێت کە ئەو دووانە مافیان
چییە لەو شتانەدا کە هەردووکیان خاوەنین ئەگەر
هاتوو لە یەکتر جیابونەوە و یەکێیان گواستییەوە.

ئەم دووانە دەتوانن داخوازیی بەشکردنی ناو ماڵ
بکەن.
یەکێك لەو دووانە دەتوانێت لەلای دادگای سەرەتایی داخوازی
بکات کە برِیاردەرێکی بەشکردنی ناو ماڵەکەیان بۆ دانێت.

## ئێشککێشییەکانی ژنان ژنان دەپارێزن
(Kvinnojourer skyddar kvinnor)

بەکارهێنانی توندوتیژیی لەلایەن پیاوەوە گرفتێکی
گەورەیە بۆ کۆمەڵگا.
لە سەرانسەری سوید ئێشککێشیی ژنان هەیە کە یارمەتی
ئەو ژنانە کە لێیان دەدرێت و یان هەرِەشەیان لێدەکرێت.

تۆ دەتوانیت لەگەڵ کەسێك قسە بکەیت کە پاڵپشتیت
بداتێ و وەڵامی پرسیارەکانت وەرگریتەوە دەربارەی
شکایەتکردنی لای پۆلیس و یان ناکۆکی لەسەر
چاودێریکردنی منداڵ.

زۆر لە ئێشککێشییەکانی ژنان یارمەتی خێرا و لە تەنگاودا
دەدەنە ژنان بەوەی کە شوێنێکی نیشتەجێبوونی شاراوەیان دەدەنێ.
هەموو ئێشککێشییەکانی ژنان هێڵێکی تەلەفونی ئێشککێشیان
هەیە کە تۆ دەتوانیت تەلەفۆنیان بۆ بکەیت. تۆ پێویست ناکات
ناوی خۆت بڵێیت و ئەوانیش قسەکانی تۆ تۆمار ناکەن.

## مەیلی جینسی (Sexualitet)

### مەسەلەیەکە کە پەیوەندی بە تەندروستی و سەربەستییەوە هەیە.
(En fråga on hälsa och frihet)

هەوەسی سێکسی بۆ زۆر لە ژنان شتێکی گرنگە و ئەوە بۆ
تەندروستی مرۆڤ شتێکی گرنگە. مرۆڤەکان دەتوانن لە
باری جنسیی خۆیانەوە دڵنیا و بێخەم بن.

بۆیە لە خوێندنگا سویدیەکاندا وانەوتنەوەی لەسەر
جنس و پێکەوەژیان هەیە.
کۆمەڵگە یارمەتی دەداتە دایکەکان ئەویش لەرِێگەی
نەخشەدانانی خێزانیی و چاودێری تەندروستییەوە.

لەسوید وا لە مەیلی جنسی دەرِوانین کە بەشێکی
سروشتیی بێت لە پەیوەندی خۆشەویستی ئەگەر
چی ئەو کەسانە هاوسەری یەکتریش نەبن و یان
بە یەکیشەوە نەژین.

پیاو و ژن هەمان مافیان هەیە کە بە سەربەستی

rune
regional utveckling
för nyanländas etablering

کێیان بوێت و خۆشیان بوێت و لەگەڵ ئەو کەسەدا
بن کە خۆیان حەزیان لێیەتی.

ژن و پیاو خۆیان بڕیار دەدەن لەسەر ئەوەی
دەیانەوێت پێکەوە لەگەڵ کێ بن.

## کەس ناتوانێ کەسێکی تر مەجبوور بکات
(Ingen får tvinga)

کەس مافی ئەوەی نیە کە یەکێکی تر مەجبوور
بکات کاری جنسی لەگەڵ بکات.

یاسا ئەوەی قەدەغە کردوە ەکە کەسێك
بە زۆر جنس لەگەڵ کەسێکی تر بکات.
بەو کارە دەڵێن دەستدرێژی جنسیی.

زوربەی ئەو دەستدرێژیکردنەی کە لە سوید
دەقەومێت لە ڕێگەی پەلاماردانەوە نیە بەڵکو
لە نێوان مێرد و ژنێکدا و یان لەنێوان کچ و
کوڕێکدا ڕوو دەدات کە بپێکەوە پەیوەندیان
هەیە.

زۆر جار ژنان حەز ناکەن شکایەت بکەن کە
دەستدرێژیان کراوەتە سەر.
بەڵام ئەگەر ئافرەتێك لەلایەن مێردەکەیەوە
یان کوڕەکەی هاوڕێیەوە بە زۆر مەجبووری
کاری جنسی کرابێت هەر هەڵەیە و وەکو ئەوە
وایە کە کەسێکی نامۆ ئەو کارەی بەرامبەر
کردبێت.

پیاویش تووشی دەستدرێژیکردنەسەر دەبێت.
جا یان لەلایەن ژنێکەوە و یان لا لایەن پیاوێکی
ترەوە.

ژنێك یان پیاوێك کە وتی نا ئەوە مانای نا یە.
ئێمە هەموومان خۆمان بڕیار لەسەر جەستەی
خۆمان دەدەین.

## <u>نەخۆشی جنسیی</u> (Könssjukdomar)

جنسکردن لەگەڵ کەسێکی تر لەوانەیە نەخۆشی
جنسیت تووش بکات.

نەخۆشی جنسی لەڕێی ئەندامی زاووزێوە, لەڕێی
دەمەوە و کۆمەوە دەگواسترێتەوە و جاری واش
هەیە لەڕێی خوێنەوە.

نەخۆشی جنسی جاری وا هەیە کاریگەری
کەم و یان نادیاری هەیە. بەڵام جاری وا هەیە
لیرکردن و سووربوونەوەت تووش دەکات،
دەتوانێت تووشی نەزۆکیت بکات و ئیتر منداڵت

rune
regional utveckling
för nyanländas etablering

نەبێت، لەوانەشە تووشی نەخۆشی هیڤ ببیت.

بۆیە ئەوە شتێکی گرنگە کە بچیتە لای پزیشکێك
بۆ پشکنین ئەگەر شکت کرد تووشی نەخۆشیەك بوویت.

## تۆ دەچیتە کوێ؟ (Vart ska du gå?)

ئەو پشکنینەت دەتوانرێت لە لای شوێنی پێشوازی
گەنجان، لە نێوەندی چاودێری نەخۆشی، لە بەشی
پێست و نەخۆشی ڕەگەزی، لە نێوەندی چاودێری
نەخۆشی بۆ دایکان و یان لە کلینیکی ژنان بۆ بکرێت.
یاسای پاراستن دژی پەتا دەڵێت کە تۆ دەبێت بچیت
بۆ ئەوەی پشکنینت بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بزانریت
تووشی پەتا یان درم بوویت یان نا.
پێویستە بەو کەسانە بڵێیت کە جنست لەگەڵیان
هەبوە کە تۆ نەخۆشیت تووش بوە.

ڕێگەیەك بۆ ئەوەی خۆت بپارێزیت لە نەخۆشی
جنسی ئەوەیە کە کە لاستیك/کاپوت بەکاربهێنیت.
لاستیك/کاپوت مرۆڤ دەپارێزێت لە نەخۆشی جنسی
و لەوەش کە ئافرەتەکە سکی پڕ ببێت.

## کەرەستەی پێشگری لە سکپڕبوون
(Preventivmedel)

ژنان دەتوانن کەرەستەی پێشگری لە سکپڕبوون بەکاربهێنن
وەك حەبی پێشگری لە سکپڕبوون، لوول پێچ، چیلکەی
هۆرمۆنی و یان پێسار/ئەڵقەی لاستیکی ژنان بۆ ئەوەی
سکیان پڕنەبێت.
بەڵام ئەم کەرەستانە ئەو ئافرەتە ناپارێزێت لە نەخۆشیی
جنسیی. تەنها هەر کاپوت/لاستیکی پیاوان ئەو کەسە
لە نەخۆشی جنسیی دەپارێزێت.

لە شوێنی پێشوازی گەنجان، نێوەندی چاودێری نەخۆشی،
کلینیکی ژنان و نێوەندی چاودێری دایکان دەتوانیت
یارمەتیی و پشت گیری وەرگریت کە کام لەو کەرەستەی
پێشگری لە سکپڕبوونانە هەڵبژێریت کە بۆ ت باشە.

## هاورەگەزبازی (Homosexualitet)

لە ساڵی 1944 وە پەیوەندی هاوجنسگرا ڕێگای
پێدراوە لە نێوان کەسە گەورەکاندا لە سوید.
لە ساڵی 1979 وە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی
کۆمەڵایەتی وازی لەوقسەیە هێناوە کە دەیوت
هاورەگەزبازی نەخۆشییەکە.

بەڵام تا ئێستاش پێشداوەری دژی هاوجنسگری
بەرامبەر هەندێ کەس لە ئارادایە. ئەو کەسانەی
هاورەگەزبازی دەکە مەترسی هەیە بکەونە بەر

rune
regional utveckling
för nyanländas etablering

لێدان و هەرەشەلێکردن و بە چاوی جیابینینەوە سەیریان بکرێت.

بۆ ئەوەی ئەم دژایەتی و هێرشبردنەسەرانە بوەستێنرێت ئەمرۆ زۆر یاسا هەیە بۆ پاراستنی متفی ئەو کەسانەی کە هاوجنسگەری دەکەن.

کەسە هاورەگەزبازەکان لە سوید دەتوانن ببنە هاوسەری یەك.
ساڵی 2002 پەرلەمانی سویدی دەنگی دا بۆ ئەوەی کە هاورەگەزبازەکان بتوانن منداڵ بگرنە خۆیان و وەك دایك و باوك حسێبیان بۆ بکرێت.

7. چاودێری و تەندروستی

## نەخۆشکەوتنی بە سەختی کوتوپڕ و ڕووداو
(Akut svår sjukdom eller olycka)

ئەگەر کەسێك کوتوپڕ بە سەختی نەخۆش کەوت
یان تووشی ڕووداوێك بوو ئەوا تۆ دەتوانیت تەلەفۆنی
ئامبولانس/ئوتومبیلی فریاکەوتن بکەیت بە ژمارەی 112.

کەسە نەخۆشەکە یان ئەوەی ڕووداوی بەسەردا هاتوە
دەتوانێت خۆی بچێتە نزیکترین شوێنی پێشوازی
نەخۆشی لە ناکاو و کوتوپڕ. شوێنی پێشوازی نەخۆشی
تەنگاو لە نۆرشۆپینگ،لە لیندشۆپینگ و موتالا هەیە و
هەمیشەش کراوەتەوە.

## ئامۆژگاری چاودێری نەخۆشی 1177
(Sjukvårdsrådgivningen 1177)

ئەگەر تۆ نەخۆش کەوتیت و بتەوێت دەربارەی
چاودێری نەخۆشیی زیاتر بزانیت ئەوا دەتوانیت
تەلەفۆن بکەیت بۆ ئامۆژگاری چاودێری نەخۆشی
بە ژمارەی تەلەفۆن 1177

ئامۆژگاری چاودێری نەخۆشی  شەو و ڕۆژ
هەموو ساڵەکە کراوەتەوە

کاتێك تۆ تەلەفۆنی ئامۆژگاری چاودێری نەخۆشی
دەکەیت دەتوانیت لەگەڵ پەرستیارێك قسە بکەیت
کە پێت دەڵێت چی بکەیت و چی نەکەیت.

ئامۆژگاری چاودێری نەخۆشی دەتوانێت هەر بە
زمانی سویدی و ئینگلیزی وەڵامت بداتەوە.

ئامۆژگاری چاودێری نەخۆشی لە ئینتەرنێتیشدا هەیە.
لە www.1177.se دەتوانیت ئامۆژکاری و ڕێنمایی
و وەڵامی زۆر پرسیار وەرگریتەوە دەربارەی چاودێری
نەخۆشی و تەندروستی.

## ئەو نەخۆشی و پێداویستی چاودێریەی کە پلەو کوتوپڕ نین
(Sjukdom eller vårdbehov som inte är akut)

ئەگەر تۆ هەست دەکەیت نەخۆشی بەڵام نەخۆشیەکەت
پێویستی بە یارمەتی و چارەی دەستبەجێ و خێرا نەبێت
ئەوا لە سەرەتادا تەلەفۆنی نێوەندی چاودێری نەخۆشی
خۆت بکە.

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە کاتیان بە زەحمەت دەست دەکەوێت
لەلای نێوەندی چاودێری نەخۆشی خۆیان.
زۆر جار پێویستە تەلەفۆنی نێوەندی چاودێری نەخۆشییەکەی
خۆت بکەیت و ناوی خۆت و ژمارەی تەلەفۆنەکەت دانێیت

rune
regional utveckling
för nyanländas etablering

لای ئەو تەلەفۆنە ئەوتۆماتیکیەی وەڵامت دەداتەوە و تۆش چاوەڕوان دەکەیت بۆ ئەوەی درەنگتر کارمەندێکی نێوەندەکە تەلەفۆنت بۆ بکاتەوە.

ئەگەر سویدی و ئینگلیزیت نەزانی پێویستە داوا لە کەسێك بکەیت کە یارمەتیت بدات و لە جیاتی تۆ تەلەفۆنیان بۆ بکات. بەڵام هەر کاتێك پزیشکێکت بینی ئەوا مافت هەیە کە وەرگێرت بۆ بانگ بکەن. دەبێ لە پێشەوە پێیان بڵێیت کە وەرگێلات دەوێت.

هەموو نێوەندی چاودێری نەخۆشیەکانی ئەم پارێزگایە بە ڕۆژان کراونەتەوە.

## پزیشکی پسپۆر یان چاودێری نەخۆشخانە؟
(Specialist eller sjukhusvård)

ئەگەر پزیشکەکەی نێوەندی چاودێری نەخۆشی بە باشی زانی کە تۆ بچیتە لای پزیشکێك لە نەخۆشخانە ئەو کاتە نامەیەکی حەواڵەکردنت بۆ دەنووسێت.

بۆ ئەوەی پزیشکێکی پسپۆر ببینیت یان بتوانیت بچیتە نەخۆشخانە هەمیشە پێویستە لە پێشدا بچیتە لای نێوەندی چاودێری نەخۆشی.

ئەوەش گرنگە کە تۆ حسێبی ئەوە بکەیت کە پزیشکەکانی نەخۆشخانە کاریان زۆرە بۆیە تۆ زۆر جار پێویست دەکات کە ماوەیەکی درێژچاوەروان بیت تا سەرەت دێت پزیشکێك ببینیت یان بچیت وێنەی تیشك/ئەشیعە بگریت و یان نەشتەرگەریت بۆ بکرێت.

کاتێك پزیشکێك دەبینیت لە نەخۆشخانە هەمیشە مافی وەرگێرێکت هەیە کە یارمەتیت بدات.

## خۆ چاودێریکردن (Egenvård)

زۆر جاری وا هەیە کە تۆ نەخۆش دەکەویت پێویستت نابێت بە چاودێری نەخۆشی.
لەوانەیە مێشوولەیەك پێوەی دابیت، برینێکی بچووکت هەبێت، چڵککردنێکت هەبێت ویان تات هەبێت.

لە شوێنی ڤێبب www.1177.se دەتوانیت ئامۆگاری و ڕێنمایی و پشتگیری وەرگریت کە تۆ چی بکەیت باشە.
لە شوێنی ڤێببی سەر بە ئاگاداریی چاودێری نەخۆشی www.1177.se هەروەها زانیاریش وەردەگریت دەربارەی ئەوەی کە تۆ پێویستە بچیتە شوێنی چاودێری نەخۆشی.

## باشە ئەگەر ئەم شتانەت لەماڵەوە هەبێت:
(Det är bra att ha hemma)

ئەگەر بریندار بوویت پێویستە لە ماڵەوە سابوون و ئاوت هەبێت کە لەبەری بڕوات، پلاستەر/چەسپی

زام، شاش، لەزگەی نەشتەرگەری، مووکێش، مەرهەمی
بەنجکردن و برینبەستەرەی شێوەلاستیکیی.

ئەگەر مێشوولە پێوەی دایت ئەوە باشە ئەگەر
مووکێشی دەهێنەری گەنە/قرنیت هەبێت لەگەڵ
بەلسامی ساردکەرەوە و مەرهەمی هیدرۆکۆرتیسۆن.

ئەگەر تات هەبوو، یان هەوکردنت هەبوو یان سەخڵەتی
ترت هەبوو ئەوا کارێکی باشە کە تەرمۆمەتری پێوانی
گەرمی لەش، سپرای لووت/قەترەی لووت و حەب و
دەرمانی دژی ئازار و گەرمی هێنەرەخواری بێرەچەتە
و حەبی دژی هەستیاری و حەب و دەرمانی دژی
دڵتێکەڵهاتنی سوارییت هەبێت.

بۆ خێزانی کە منداڵی بچووکیان هەیە کارێکی باشە ئەگەر
لەماڵەکەدا شتێکیان هەبێت کە قەرەبووی شلە بکاتەوە
ئەگەر منداڵەکان تووشی سکچوون یان ڕشانەوە بوون.

ئەگەر دەرمانت زۆر هەبوو لە ماڵەوە ئەوا کۆنترۆڵی
ئەوە بکە کە دەرمانەکان کۆن نەبن و ماوەی
بەکارهێنانەکانیان بەسەر نەچووبێت.

## گفتوگۆکەری تەندروستی
(Hälsokommunikatörer)

بۆ ئەوەی تەندروستی باشتر ببێت ئەنجومەنی
هەرێمیی لە ئۆستەریۆتلاند چەند کەسێکی
دانوستاندنکەر/گفتوگۆکەری دامەزراندوە کە
کار لەگەڵ پەنابەرە تازەهاتووەکان و بێگانانی
تر لە ئۆستەریۆتلاند بکەن.

ئەم گفتوگۆکەری تەندروستییانە زۆر زمانی
جیاواز و دەربارەی زۆر کولتور دەزانن و زانیاریان
لە تەندروستی و چاودێری نەخۆشیشدا هەیە.

گفتوگۆکەرەکانی تەندروستی یارمەتی ئەو
پەناهەندە و بێگانانەی تر دەدەن بۆ ئەوەی
ئەوانە لە تەندروستی و چاودێری نەخۆشیی
سویدی بگەن.

گفتوگۆکەرەکانی تەندروستی وانە دەڵێنەوە
و سەمینار و کۆبوونەوە دەگێڕن بۆ ئەوەی
زانیاری بدەن.

ئەوانە دەتوانن زانیاری بدەن دەربارەی
سیستەمی چاودێری نەخۆشیی سویدی و
دەشتوانن ئامۆژگاری دەربارەی خواردن
و ساغڕاگرتنی ددانەکانیش بدەن.

ئەوانە دەتوانن وانە بڵێنەوە بە زمانی سۆماڵی،

عەرەبی، بۆسنی، کرواتی و سربی.

# خۆراک و چالاکی جەســـتەیی

(Kost och fysisk aktivitet)

ئەو خواردنەی ئێمە دەیخۆین گرنگە
بۆ تەندروستی و لەشساغی ئێمە.

باشخواردن و جوڵان دەتوانێت پێشگری لە نەخۆشی
بگرێت وەك نەخۆشی دڵ و دەمارەکانی خوێن،
نەخۆشی شەکرەی پلەی 2، خوێنتێزینی مێشك،
نەخۆشی ئەندامە جووڵەکەرەکان و هەندێ جۆری
شێرپەنجە و هەتا نەخۆشی خراپیی دەروونیش.

لەش پێویستی بە هێز و خۆراك هەیە بۆ
ئەوەی باش کار بکات.
لەش باشتر کار دەکات ئەگەر بە رێك و
پێکی نانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە و
قاوەڵتییەکیش بخۆین.

دەزگای دەوڵەتیی کاروباری بژێو/بەرهەمی خواردەمەنی
پێنج ئامۆژگاریمان دەداتێ کە یارمەتیمان دەدەن کە
خواردەمەنی تەدروست بخۆین.

- زۆر میوە و سەوزی بخۆ، باشە ئەگەر ڕۆژی 500 گرام بخۆیت.
- نان لەگەڵ هەموو ژەمەکاندا بخۆ، باشە ئەگەر نانی دانەی تەواو بێت.
- باشە ئەگەر ئەو خواردەمەنیانە هەڵبژێریت کە نیشانەی کونی کلیلی پێوەیە.
- ماسی زۆر بخۆ، باشە ئەگەر لە هەفتەیەکدا سێ جار بیخۆیت.
- کاتێك چێشت لێدەنێیت باشە ئەگەر ڕۆن یان کەرەی/مارگەرینی شل بەکاربێنیت.

## مۆدێلی دەوری/قاپ (Tallriksmodellen)

مۆدێلی دەوری/قاپ نیشانی دەدات کە تۆ چۆن سوودمەند بخۆیت.
مۆدێلی دەوری/قاپ سێ بەشی هەیە.
بەشی یەکەم 1 (DEL 1) پەتاتە یان برنج یان پاستایە/سپاگێتی و ماکەرۆنی.
بەشی دووهەم 2 (DEL 2) سەوزە و میوەی بە رەگ/نێرك یان میوە.
بەشی سێهەمیش 3 (DEL 3) کە لەهەموو بەشەکان کەمترە یان گۆشت یان ماسی و یان هێلکە
و یان رووەکی پاقلەیی وەك نۆك و لۆبیا و فاسۆلیا.




سەرچاوە: دەزگای دەوڵەتی کاروباری چاودێریی بەرهەمی خواردەمەنی

زوو زوو جوڵاندنی لەش بە شێوەیەکی زۆر بۆ تەندروستی باشە.
تۆ دەتوانیت کەمێك بجوڵێیت بەوەی کە هموو ڕۆژێك نیو سەعات
پیاسە بکەیت و یان سواری پاسکیل بیت.
دەشتوانی خۆت زۆر بجوڵێنیت بەوەی کە بە هێواشی ڕابکەیت،
یاری تێنس و یان تۆپی پێ بکەیت ئەویش بەلای کەم هەفتەی سێ جار.
منداڵ پێویستە بەلای کەمەوە ڕۆژی نیو سەعات بجووڵێت.

## نەخۆشخانە لە ئۆستەریوتلاند
(Sjukhus i Östergötland)

لە ئۆستەریوتلاند سێ نەخۆشخانە هەیە.
ئەوانەش لە لینشۆپینگ و لە نۆرشۆپینگ
و لە موتالان و هەموو ڕۆژەکان بە شەو و
بە ڕۆژ کراونەتەوە.

## نەخۆشخانەی زانکۆ لە لینشۆپینگ
Universitetssjukhus i Linköping
581 85 Linköping
بەشی نەخۆشی تەنگاوی و کوتوپڕ لە شوێنی چوونەژوورەوەی باشوور هەیە

## نەخۆشخانەی ڤرینەڤی
Vrinnevisjukhuset i Norrköping
Gamla Övägen 25
601 82 Norrköping
بەشی نەخۆشی تەنگاوی و کوتوپڕ لە پشتی نەخۆشخانەکەوەیە

## نەخۆشخانەی موتالا
Lasarettet i Motala
Lasarettgatan 37
591 85 Motala
بەشی نەخۆشی تەنگاوی و کوتوپڕ لە خانووی A هەیە لە نهۆمی سەر زەوی.

regional utveckling
för nyanländas etablering

8. کاتی بەتـاڵ، ژیانی ناو کۆمەڵە و گەشتکاری

## کۆمەڵە ئایدیالیەکان
(Ideella föreningar)

یاسای بناخەیی سوید دەڵێت هەموو کەس
ماڤی هەیە کۆمەڵە دروست بکات و ببێتە
ئەندامی کۆمەڵە.

ئەمە بەشێکە لە دیموکراتیی و ئازادی
دەربڕینی بیروڕا کە پیاو بتوانێت لەگەڵ
کەسانی تر کە خولیای هەمان شتن بچێتە
ناو کۆمەڵەیەکەوە.
ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ مرۆڤەکان کە بتوانن کار
لەگەڵ ئەو شتە بکەن کە ئارزوویان لێیەتی.
ئەمە ڕێگایەکیشە بۆ مرۆڤ کە زیاتر شت فێر
بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری سیاسەتکردن
بێت.

هەروەها کۆمەڵەکان کۆمەلگایەکی باشتر بۆ
هەموان پێك دێنن کاتێك کە ئەوان پێشبڕکێی
وەرزشی یان کە پارە کۆدەکەنەوە بۆ وینە بۆ
کارێکی خێر و چاکەکردن.

کۆمەڵە دەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی هەبێت و
ڕێسا و ڕێبازێکی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی
کارەکانی کۆمەڵە.

ئەو ڕێسایانە پێیان دەوترێت پەیرەو و پرۆگرام
و دەبێت بە دیموکراتیی بێت و لە پەیرەوەکەدا
ناو و ئامانجی کاری کۆمەڵەکە و
چەنێتیی مزەی ئەندامەتی دیاری بکات.

کۆمەڵەکە پێویستە هەموو ساڵێك کۆبوونەوەی
ساڵانەی خۆی بکات. و کۆبوونەوەی ساڵانەش
بڕیار لەسەر کاری کۆمەڵەکە دەدات.

زۆر جۆر لە کۆمەڵەی جیاواز هەن وەك
کۆمەڵەی کولتوری، کۆمەڵەی وەرزشی و
کۆمەڵەی گەنجان.

دەوڵەت و شارەوانییەکان پاڵپشتی و پشتگیری
دەدەنە کۆمەڵەکان لە ڕێگەی دانی یارمەتی
کۆمەڵەکانەوە کە داوای پارە دەکەن بۆ
بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان.

## وەرزش (Idrott)

وەرزش شتێکی گرنگە بۆ کۆمەڵگایەك.

regional utveckling
för nyanländas etablering

ئەوانەی کە وەرزش دەکەن تەندروستی هەم جەستەییان
و هەم دەروونییان باشە.
ئەو گەنجانەی وەرزش دەکەن تەندرووستییان باشە
و گەشتربینن بۆ پاشەرۆژیان، سترێس و شڵەژانیان کەمتر
دەبێت، هاوبەشێتیان لەگەڵ برادەرەکانیان زۆرتر دەبێت
و کەمتر دەچەوسێنریتەوە و سەردەکرێتەسەری وەك لە
گەنجانی تر، کەمتر جگەرە دەکێشن و مەشرووب دەخۆنەوە
وەك لەو گەنجانەی کە وەرزش ناکەن.

جووڵانەوە و چالاکی وەرزشیی گرنگە بۆ ئاوێتەبوون/
ئینتەگراسیۆنبوون چونکی وەرزش هەمیشە خەڵکانی
خاوەن کولتووری جیا جیا لە یەکتر نزیك دەکاتەوە و
لە خولیایەکی وەرزشیی کۆیاندەکاتەوە.

## زانیاری و رۆشنبیری جەماوەری و یەکییەتیەکانی کۆمەڵەی خوێندن
(Folkbildning och studieförbund)

سوید شتێکی هەیە کە ئێمە ناوی دەبەین بە زانیاری
و رۆشنبیری جەماوەری.
ئەمە رێگەیەکە بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر فێر ببن.
زۆر جار یەکییەتیەکانی کۆمەڵەی خوێندن ئەو
خەڵکە فێردەکەن یەکییەتیەکانی کۆمەڵەی خوێندن
بەرنامەی خوێندنی خۆی هەیە کە جیایە
لەگەڵ خوێندنگەکانی تر یان لەگەڵ زانکۆکان.

زۆر کەس لەوانەی بە دوای زانین و زانیاری نوێدا
دەگەرێن دەچنە ئەو یەکییەتی کۆمەڵەی خوێندنانە.
یەکییەتیەکانی کۆمەڵەی خوێندن لە زیاتر لە 700
مادده و بابەت خولیان هەیە، جا لە هەڵپەرکێوە بیگرە
هەتا دەگاتە تابلۆی بە رەنگ درووست کردن و زمانی
ئینگلیزی و بیرکاری.

## کتێبخانـــــە (Bibliotek)

یاسا دەڵێت کە هەموو شارەوانیەك
پێویستە کتێبخانەیەکی هەبێت بۆ
ئەوەی هەموو هاووڵاتیەکان بتوانن بچن.

وەرگرتنی کتێب بە قەرز دەبێت هەمیشە
بەخۆرایی بێت.

هەروەها یاسا دەڵێت کە کتێبخانەکان دەبێت
بەتایبەتی زۆر بیر لە بێگانەکان بکەنەوە،
هەروەها لەو کەسانەی کە پلەی کاری وەزیفەی
ئەندامەکانی لە شیان کەمبۆتەوە و هەروەها
لە منداڵان و گەنجان.

پێویستە لە کتێبخانەکاندا پەرتووك بە زۆر زمانی
جیاواز هەبێت هەروەها دەبێت پەرتووك هەبێت کە لەگەڵ

هەموو مێدیاکاندا بگونجێت. دەبێت پەرتووك بۆ منداڵ و
گەنج و گەورە هەبێت

## گەشتكاری (Turism)

لە ئۆستەریۆتلاند زۆر شت هەیە بۆ تەماشاکردن.
مۆزەخانە، شوێن و ناوچەی چالاكی كاتی بەتاڵ،
كۆمەڵە دوورگە، ڕووداوی دیار، وەرزش، ژیانی
ناوشار، ژیانی لادێ و هەست و خۆشیبینین لە
سرووشت.

زوربەی شارەوانیەكانی دەكەونە ئۆستەریۆتلاند
نووسینگەی گەشتیاریان هەیە و یان شێوەیەك لە
شێوەكانی زانیاری گەشتییاریی.
ئەنجومەنی گەشتیاری ڕۆژهەڵاتی سوید زانیاری
هەیە دەربارەی شوێنەكانی گەشتیاری لە ئۆستەریۆتلاند.
ماڵپەڕەكەیان كە بە چەند زمانی جیاواز هەیە ئەمەیە:
www.ostergotland.info

regional utveckling
för nyanländas etablering

9. شـــتی تر كه گرنگه پیاو بیزانێت

## دەربارەی دەزگای دەوڵەتیی كاروباری كۆچ، پەنابردن، پەناهەندەكان و رەگەزنامە
(Om Migrationsverket, asyl, flyktingar och medborgarskap)

دەزگای دەوڵەتیی كاروباری كۆچ ئەو دەزگا سویدیەیە كە سەر بە دەوڵەتە و بەر پرسیارە لە كاروباری پەنا، سەردانی سوید، نیشتەجێبوون لە سوید و هەروەها رِەگەزنامە.

كارمەندەكانی دەزگای دەوڵەتیی كاروباری كۆچ بریار دەدەن لەسەر داخوازینامەی پەنا كە لەلایەن ئەو كەسانەوە پێشكەش دەكرێت كە خۆیان گەیاندۆتە سوید و داوای پەنا دەكەن.

سوید پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتوەكانی ئیمزاكردووە دەربارەی پەناهەندەكان. ئەمەش مانای ئەوەیە كە سوید دەبێت می پەنا بداتە ئەو كەسانەی كە ئەو پەیماننامەیە دەیانگرێتەوە.
ئەو پەنابەرەی كە پەیماننامەكە دەیگرێتەوە ئەو كەسەیە كە مەترسی وەدووكەوتنی هەیە لە ووڵاتەكەی خۆی لە بەر ئەم هۆیانە:

- رەگەز
- هاووڵاتێتی
- بیروڕای دینی یان سیاسیی
- رِەگەزی نێر یان مێیی یان باری ئارەزوو و خەسڵەتی جنسیی
- ئەو كەسە سەر بە كام گروپی ناو كۆمەڵگایە

بەگوێرەی یاسای سویدی ئەو كەسانەش دەتوانن مافی پەنابەریی لە سوید وەرگرن ئەگەر چی پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتوەكانی لەسەر پەناهەندەش نەیانگرێتەوە.

یاسا دەڵێت ئەو كەسانەی كە پاراستنیان پێویستە ئەوانەن كە هۆی بە هێزیان هەیە بۆ ئەو ترسەی هەیانە كە لە سێدارە بدرێن و یاخود ئەشكەنجە بدرێن. ئەم كەسانە دەكرێت ئەوانەش بگرێتەوە كە پێویستیان بە پاراستن هەبێت بەهۆی شەرِەوە و یان رِووداوی سروشتیی لە ووڵاتەكەیاندا.

ئەو پەناخوازانەی كە رِوودەكەنە سوید دەتوانن لە سەر سنوور و یان لای یەكێك لە سەنتەرەكانی داخوازیكردنی پەنا كە سەر بە دەزگای دەوڵەتی كارووباری پەنایە داوای خۆیان پێشكەش بكەن.

## ئایا وڵاتی رِاستی هەڵبژاردوە؟ (Rätt land?)

بەر لە هەموو شتێك دەزگای دەوڵەتی كاروباری كۆچ لەوە دەكۆڵێتەوە كە ئایا هەقە سوید مافی پەنا بداتە ئەو كەسانەی داوایان كردوە یان ئەو كەسە بنێرێتەوە ئەو وڵاتەی كە ئەو كەسە لە پێش سویدا لێی بووە؟

لەوانەیە ئەو وڵاتەی تر شوێنی ڕاست بێت بۆ ئەو پەناخوازە.
ئەگەر ئەو کەسە هۆی نەبێت بۆ داوای پەنای لە سوید ئەوسا دەزگای کاروباری کۆچ ڕاستەوخۆ بریار دەدات.

خۆ ئەگەر دەزگاکە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەو کەسە هۆی تەواوی هەیە کە وەك پەنابەر وەربگیرێت ئەوسا ماوەیەکی زۆری پێدەچێت تا بریار لەسەر کێسەکەی دەدرێت.
دەزگای دەوڵەتی کاروباری کۆچ دەیەوێت کە داواکارەکە لە ماوەی شەش مانگدا وەڵام وەرگرێتەوە. بەڵام جاری وا هەیە کە وەڵامەکە ئێجگار زوری پێدەچێت.

## کەسوکار و خزم (Släkt)

ئەو کەسانەی دەیانەوێت لێرە بمێننەوە و لای ئەو کەسوکار و خزمانەیان بژین کە لە سوید ئیزنی مانەوەیان هەیە دەبێ خۆیان داوای ئیزنی مانەوەی سوید بکەن.

ئەو کەسەی بیەوێ بێت بۆ ئێرە و لێرە بمێنێتەوە دەبێ بە ڕەسمی هاوسەر یان هاوژین بێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە لە سوید ئیزنی مانەوەی هەیە.

ئەگەر تۆ لە داخوازینامەکەتدا درۆت کردبێت ئەوا بریاری ڕەتکردنەوەت بۆ دێت.

## کەسانی کە تەمەنیان لەژێر 18 ساڵەوەیە (Personer under 18 år)

ئەو کەسانەی تەمەنیان لەژێر 18 ساڵەوە بێت دەتوانن بێن بۆ سوید بۆلای کەسوکاریان ئەگەر دایك و باوکەکانیان ئەوەیان بوێت و بە نووسین داوای ئەوە بکەن.

ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سەروو 18 ساڵەوە بێت زۆر جاردەتوانن ئیزنی مانەوەی سوید وەرگرن و بێن بۆ سوید ئەگەر ئەو کەسانە لەوەپێش پێکەوە لەگەڵ ئەو کەسوکارانەیاندا ژیابن کە ئێستا لە سوید ئیزنی مانەوەیان هەیە.

تۆ دەبێت بتوانیت بیسەلێنیت کە تۆ لەوەوپێش لەگەڵ ئەو کەسوکارەتا ژیاویت کە ئێستا وا لە سویدن و کە بارودۆخەکەشت وایە کە بۆ تۆ و خزم و کەسەکارەکانت زەحمەتە و ناتوانن دوور لە یەکتری و لە دوو شوێنی جیاواز و بە جیا بژین.

تۆ دەبێت داوای ئیزنی مانەوەی سوید لە یەکێك لە سەفارەتە سویدیەکان یان کۆنسولگەریەکان بکەیت لە دەرەوەی وڵاتەکەت یان لەو شوێنەی تۆی لێدەژیت.

## ڕەتکردنەوەی داوا (Avslag)

ئەگەر تۆ وەڵامی داواکەت ڕەتکرایەوە بە نا وەڵام درایتەوە
ئەوا تۆ دەتوانیت نارەزایی دەربڕیت و داوای پیاچوونەوە و
چاوخشاندنەوە بە بڕیارەکەدا بکەیت.
نامەی شکایەتکردنەکەت/نارازیبوونەکەت یەکەم جار دەنێریت
بۆ دەزگای دەوڵەتی کاروباری کۆچ کە بڕیارێکی نوێ لەسور
کەیسەکە دەدات.

## دادگای کاروباری کۆچ دەتوانێت چاو بخشێنێتەوە بە داخوازینامەکەتدا

(Migrationsdomstol kan pröva din ansökan)

ئەگەر دەزگای دەوڵەتی کاروباری کۆچ داواکەتی ڕەتکردەوە
و وتی نا ئەوا تۆ دەتوانیت شکایەت بکەیت لای دادگای کۆچ
کە لە ستۆکهۆڵم، یۆتەبۆری و مالمۆ لەلای یەکێك لە دادگاکانی
پارێزگا هەیە.

دادگای کۆچ دەتوانێت تۆ و بریکارە گشتیەکەت/پارێزەرەکەت
و دەزگای کۆچ بانگت بکات بۆ بە دەم گفتوگۆکردنی و
تاووتوێکردنی کێسەکەت. ئەو دادگایە یان بڕیارەکەی دەزگای
کۆچ دەچەسپێنێ و یان بڕیارەکەی دەزگای کۆچ دەگۆڕێت.
ئەمەش مانای ئەوەیە کە دادگاکە یان بە بڕیاری دەزگای
کۆچ دەڵێ باشە و یان ڕەتی دەکاتەوە و دەڵێ نا.

تۆ دەتوانیت لای دادگای بەرزی کۆچ شکایەت لە بڕیاری
دادگای کۆچ بکەیت.
بەڵام ئەم دادگا بەرزە تەنها چاو بەو کەیسانەدا
دەخشێنێتەوە کە لە باری یاساییەوە زۆر گرنگن.

## ڕەگەزنامە (Medborgarskap)

تۆ لای دەزگای کاروباری کۆچ داوای رەگەزنامەی سویدی دەکەیت.
بۆ ئەوەی بتوانیت داوای رەگەزنامەی سویدی بکەیت دەبێ بتوانیت
بیسەلمێنیت کە تۆ کێیت، دەبێ 18 ساڵت پڕ کردبێتەوە و هەروەها
دەبێ ئیزنی مانەوەی هەمیشەییت لە سوید هەبێت.

دەبێ تۆ بەلای کەمەوە 5 ساڵ لە سوید ژیابیت.

بۆ ئەو کەسانەی بێوڵاتن دەبێ 4 ساڵ لێرە ژیابن.
بۆ تۆش ئەگەر ئیزنی مانەوەت درابێتێ وەك
پەناهەندە بە گوێرەی یاسای بێگان مەرجەکە
ئەوەیە کە 4 ساڵ لێرە ژیابیت.

بۆ منداڵی تەمەن ژێر 15 ساڵ و یان تەمەن نێوان
15 تا 18 ساڵ ڕێسای تر دەخوات و لە ئارادایە.
دەزگای کۆچ درێژی ئەو کاتە لەو ڕۆژەوە حسێب
دەکات کە ئەو منداڵە ئیزنی مانەوەی لە سوید وەرگرتوە.

ئەگەر پێش ئەوەی هاتبیتە سوید ئیزنی مانەوەت
وەرگرتبێت ئەوا لەو ڕۆژەوە بۆت حسێب دەکرێت
کە هاتوویتە ناو خاکی سویدەوە.

## دەزگای دەوڵەتی کاروباری باج (Skatteverket)

دەزگای باج دەزگایەکە کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا کار دەکات.
کارە گرنگەکانی دەزگای باج ئەمانەن.

- باجەکان
- تۆمارکردنی ناوی دانیشتوان
- میرات دیاریکردن

دەزگای دەوڵەتی باج کار لەسەر زۆر جۆر باج دەکات
لە سوید.
باجی سەر داهات هەیە، زیادەباج/باجی ناڕاستەوخۆ
و باجدانانی تریش هەیە.

تۆ دەبێ باج بدەیت لەسەر هەموو ئەو داهاتانەی
کە وەریاندەگریت.
داهات ئەو پارانەن کە تۆ پەیدای دەکەیت.
مانای ئەمەش ئەوەیە کە تۆ دەبێ ئەو
مووچەیەی وەریدەگریت باجی لێبدەیت.

تۆ دەبێ باج لەو پارەی نەخۆشییەت
بدەیت کە وەریدەگریت و باج لە مووچەی
خانەنشینییەکەشت هەر دەدەیت.

ئەگەر ڤیلاکەت و یان خانووی سەرقفڵانەت
فرۆشت دەبێ باج لەو بەشە بدەیت کە وەك
داهاتە.
لە فرۆشتنی پشك/سەهمیش باج دەدەیت.
ساڵی جارێك دەبێت ڕاگەیاندننامەی داهات
(Deklaration) پێشکەش بکەیت.

بەشی زۆری ئەو پارانەی لە باجی داهاتەوە
کۆدەبێتەوە دەچێت بۆ شارەوانیەکان و
ئەنجومەنە هەرێمییەکان.

کاتێك تۆ کاڵایەك دەکریت لە دوکانێك ئەوا
باجیشی لەگەڵ دەدەیت. ئەو باجە باجێکی
تایبەتیە کە دەوڵەت خستوویەتە سەر شتوومەك
و خزمەتگوزاریەکان و پێی دەوترێت (مۆمـــس)
کە ڕێژەکەی نزیکی لەسەدا 25 ٪ ە.

باجی داهات، مومس و باجەکانی تر بەکاردەهێنرێت
بۆ خەرجیی سیستەمی خۆشگوزەرانیی سوید.
ئێمە هەموومان لەڕێگەی دانی مۆمس و باجەوە
بەشداردەبین لەو پارانەدا کە دەچێت بۆ مەسرەفی
سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتیی، بۆ پارەی پاڵپشتی
خوێندن و بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیی.

تۆمارکردنی نیشتەجێبوونی خەڵکان بریتیە لە
لیستەیەك بە ناوی هەموو ئەو کەسانەوە کە لە
سیوید دەژین.
دەزگای باج بەرپرسیاری تۆمارکردنی ناوی خەڵك.

له تۆمارکردنەکەدا ناوەکەت، ژمارەی کەسییت و
ناونیشانەکەت نووسراوە و هەروەها نووسراوە ئایا
تۆ هاوسەریت یان، نا و ناوی ئەو کەسەی هاوسەرتە
کێیە، منداڵەکانت کێن، رەگەزنامەکەت چیە و کەی
گواستووتەوە بۆ سوید
دەزگای باج زوربەی ئەو زانیاریانە لە دەزگا
جیاوازەکانی ترەوە وەردەگرێت.
دەزگای باج زانیاری تۆمارکراو لەسەر تۆ دەداتە
دەزگاکانی تر وەك (سی ئێس ئێن)، سندووقی
بیمە و دەزگای کاروباری هەڵبژاردن.

## تۆمارکردنی دانیشتوان و مافەکانی تۆ
(Folkbokföring och dina rättigheter)

بۆ ئەوەی ماڤ زۆر شتت هەبێت لە سوید دەبێ تۆ
ناوت لە نێوان تۆماری دانیشتواندا تۆمار کرابێت.
دەبێ ناوت تۆمارکرابێت بۆ ئەوەی بتوانیت دەرماڵەی/
پارەی یارمەتی منداڵ و پارەی یارمەتی کرێخانوو
وەربگریت.

ئەو شوێنەی کە باجی لێدەدەیت و ئەو شوێنەی لە
کاتی هەڵبژاردندا دەنگی لێ دەدەیت بەستراوەتەوە
بەوەی لە چە شوێنێك ناوت تۆمار کراوە.

لە زۆر شارەوانی دەبێ ناوت تۆمار کرابێت ئینجا
دەتوانیت بچیتە پرۆگرامی پێناسین و پێئاشناکردن
و قەرەبوو وەربگریت.

## ڕوونوسی کەسیی(Personbevis)

زۆر جار پیاو پێویستی بە بەڵگەنامەی ڕوونوسی
کەسیی دەبێت ئەگەر بتەوێت حسابێکی بانکی بکەیتەوە،
داوای هەندێك خوێندن بکەیت و یان ئەگەر بتەوێت
بیسەلمێنیت تۆ دانیشتووی ئەو شارەوانییەیت بۆ ئەوەی
قەرەبووی خولی پێناسین و پێئاشناکردن وەربگریت.

دەتوانیت ئەم بەڵگەنامەی کەسییە ڕاستەوخۆ لە
نووسینگەی باجی ئەو شارەوانیە وەرگریت کە لێیدەژیت
بەوەی کە تەلەفۆن بکەیت بۆ دەزگای دەوڵەتی باج یان
لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە شوێنی ڤێببی دەزگای باج
داوای ئەو بەڵگەنامەیە بکەیت کە بۆت بێت:
www.skatteverket.se

## زەنگی ئاگادارکردنەوەی خزمەتگوزاری ئاسایش
(112 SOS Alarm)

بۆ خزمەتگوزاری ئاسایش و ڕووداوی کۆمەڵگا
(ئێس ئو ئێس) 112 دەتوانیت تەلەفۆنی
ژمارەی 112 بکەیت لە تەلەفۆنی زەوییەوە و
یان مۆبیلەوە شەو و ڕۆژ و بە درێژاییساڵ.

تۆ کاتێك بۆ ژمارەی 112 تەلەفۆن
دەکەیت ئەگەر یەکێك لە نزیك تۆوە
کوتوپڕ بەلادا هات و کەوت و یان لە
ڕووداوێکدا ئازاری پێگەیشت یان
بریندار بوو.
کە تۆ تەلەفۆنی ژمارەی 112 تەنها ئەگەر
پێویستت بە ئوتومبیلی ئاگرکوژێنەوە یان
ئوتومبیلی فریاکەوتنی نەخۆشیی بوو.

تۆ تەنها کاتێك تەلەفۆنی ژمارەی 112
دەکەیت ئەگەرهاتوو یارمەتی زۆر خێرا
و دەستبەجێت پێویست بوو.

کە تۆ تەلەفۆنی ژمارەی 112 کرد کەسێك
وەڵامت دادەتەوە کە ئامادەیە ئەو یارمەتیەت
بۆ بنێرێت کە تۆ پێویستتەدەکەیت

ئەو کەسەی وەڵام دەداتەوە لێت دەپرسێت
چی ڕووی داوە و لە کوێ ڕووی داوە.

کاتێك تەلەفۆن دەکەیت تا بکرێت هەوڵ
بدە کە ئارام و لەسەرخۆ بیت بۆ ئەوەی
بتوانیت زانیاری ڕاست و تەواویان پێبدەیت
بۆ ئەوەی یارمەتی پێویستت بۆ بنێرن.

ئەگەر مەسەلە ئاگرکەوتنەوە بوو ئەوا
کەسە دەیەوێت بزانێت کەس لە ئاگرەکەدا
ژیانی لە خەتەردایەد و چەند کەس بریندارن
یان ئازاریان پێگەیشتوە.

ئەو کەسانەی لە SOS کار دەکەن بە زمانی
سویدی و ئینگلیزی قسە دەکەن.
ئەگەر کارمەندەکان توانیان ئەوا وەرگێڕیش
پەیدا دەکەن بەڵام لەو بارەدا قسەکردنەکە
زۆرتر کات دەبات و یارمەتیەکە درەنگتر دەگاتە
ئەو شوێنە.

لە ناونیشانی ئینتەرنێت www.sosalarm.se
دەتوانیت بە زۆر زمانی جیاواز دەربارەی SOS
و ژمارەی 112 زیاتر بخوێنیتەوە.

## **پۆلیــــــس**(Polisen)

پۆلیس دەبێ ڕێگە لە تاوان بگرێت و لێکۆڵینەوە
لەسەر ئەو تاوانانە بکات کە ڕوویداوە.
پۆلیس ئەو کارانە ڕادەوەستێنێت کە ڕێکوپێکی
و ئاسایشی و ئارامیی کۆمەڵگەکە تێك دەدات.
پۆلیس دەبێ خەڵك بپارێزێت و زایاری بدات بە
خەڵك.

کاتێك پۆلیس کاری خۆیان دەکەن پویرەوی ئەو
یاسایە دەکەن
کە پەرلەمانی سویدی بریاری لەسەر داوە.
حکومەت هەموو ساڵێك بە پۆلیس دەڵێت
چی بکات

ئەگەر تۆ تاوانێکت بەرامبەر کرا دەبێ تۆ ئە تاوانە لای پۆلیس ڕابگەیەنیت. ئەگەر تۆ یارمەتی کەتوپڕت پێویست بوو ئەوا تەلەفۆنی ژمارەی 112 بکە.
ئەگەر مەسەلەکەش زۆر تەنگاو نەبوو ئەوا تەلەفۆنی پۆلیس بکە بە ژمارەی 14 114.
دەشتوانیت بچیتە نزیکترین دەزگای پۆلیس و یان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە شکایەتێك ڕابگەیەنیت.

زیاتر دەربارەی کاری پۆلیس لە ئینتەرنێتدا بخوێنەرەوە:
.www.polisen.se

## لە هاتووچۆدا دڵنیا بە (Var säker i trafiken)

هەموو ئەو کەسانەی لە هاتووچۆدان لە دەرەوە
و لە ئۆتومبیلدان، پاسکیلسوارن، ماتۆرسوارن،
لە ناو پاسدا دانیشتوون و یان بە پێ دەڕۆن
پێیان دەوترێت ئەوانەی کە لە هاتووچۆدان.

## پشتێنی ناو ئۆتومبیل و مۆڵەتنامەی لێخوڕینی ئۆتومبیل

(Bilbälte och körkort)

یاسا دەڵێت کە هەموو ئەو کەسانەی لە ئۆتومبیلدا دەڕۆن دەبێ پشتێنی خۆبەستنەوەیان پێوە بێت هەم لە کورسی پێشەوە و هەم لە کورسی دواوە.
دەبێ ئۆتومبیلەکە لە شوێنی هەرکورسی دانیشتنێکدا پشتێنی هەبێت.
ژمارەی ئەو کەسانەی لە یەك ئۆتومبیلدا دانیشتوون نابێت زیاتر بێت لەو ژمارەیەی کە لەناو بەڵگەنامەی تۆمارکردنی ئەو ئۆتومبیلەدا نووسراوە.

شۆفێرەکە دەبێ کاتێك ئۆتومبیل لێدەخوڕێت هەمیشە ئیزنی لێخوڕینی ئۆتومبیلی خۆی پێبێت.

## کحول و مادده بێهۆشکەرەکان

(Alkohol och droger)

هەرگیز کە کحولت خواردەوە ئۆتومبیل لێمەخورە.
باشتر وایە ئەگەر ڕۆژی دووهەمیش هەر لێنەخوڕیت.
قەدەغەیە ئۆتومبیل لێخوریت ئەگەر کحولت
خواردبێتەوە یان ماددەی بێهۆشکەرت لەلەشدا بێت.
دەتوانرێت حوکمی سزای بەندیخانە بدرێیت.

## خـــێرایی(Hastigheter)

هێما و تابلۆکانی ئەو خێراییە نیشانە دەدەن کە تۆ
دەتوانیت لێبخوڕیت. ئەگەر خێراتر بڕۆیت پۆلیس

regional utveckling
för nyanländas etablering

دەتوانیٚ بتگرێت چونکی خێرا ڕۆیشتوویت. ئەگەر زۆر خێرا لێخوڕیت ئاسانتر تووشی ڕووداوێك دەبیت.

## مندالٚ لە ئۆتومبیلدا (Barn i bilen)

مندالٚ لە ئۆتومبیلدا پێویستی بە زیاتر پاراستنە وەك لە گەورەکان.
ئەو مندالٚەی درێژی بالٚای لە 135 سانتیم کەمتر بێت دەبیٚ ئامرازی پاراستنی مندالٚ، کورسی ناو ئۆتومبیلی مندالٚ، کورسی بە پشتێنەوە و یان سەرینی بە پشتێنەوەی هەبێت.

مندالٚ پارێزراوترە ئەگەر کورسییەکەی پشتاوپشت دابنرێت.
مندالٚ نابێت لەو شوێنە دانیشێت کە سەرینی بەیەکدادانی لێدێتە دەرەوە.

## پاسکیل (Cykel)

لە سوید سالٚی نزیکی 4000 پاسکیلسوار تووشی نەخۆشخانە دەبن.
بۆیە پێویستە هەموو مندالٚان و گەنجان خوددەی سەریان هەبێت کاتێك پاسکیل لێدەخوڕن یا کە لەدوای کەسێکەوە لەسەر پاسکیلەکە لە کورسیەکدا دانیشتوون.
خوددەی سەر پارێزگارییەکی باشە هەتا بۆ گەورەکانیش چونکی زوربەی ئەو 4000 کەسەی دەکەونە نەخۆشخانە ئازار بە سەریان گەیشتوە.

پاسکیل دەبیٚ ئیستۆپ و جەرەسی ئاگادارکردنەوەی هەبێت. ئەگەر تۆ لە تاریکیدا لێخوریت ئەوا دەبیٚ ئەو ئیشارەت و نیشانانەی تیشکدەرەوە بە پاسکیلەکەوە بن کە لە دوورەوە شەوق دەدەنەوە و چرا بە پێشەوە و دواوەی پاسکیلەکەوە داگیرسابێت. ئەگەر پاسکیلەکەت ئەو شتانەی پێوە نەبێت وا خۆت تووشی سزای پارەدان دەکەیت.

پاسکیلسوار لەو لایە پاسکیل لێدەخوڕێت وەك لای ئۆتومبیل، بە مانای لای ڕاستی شەقامەکە.
پاسکیلسوار نابێت بەسەر شۆستە و بەسەر شوێنی پەڕینەوەدا پاسکیل لێبخوڕێت.

## ئیشارەتی تیشکدەرەوە شتێکی باشە لە تاریکیدا (Reflexer är bra i mörkret)

نیشانەی تیشکدەرەوە وا دەکات کە تۆ لە هاتووچۆدا ببینرێیت ئەگەر تاریك بوو یان تەم بوو و یان بەفروباران بوو چونکی لەو کاتانەدا ئەگەر ئەو کەسە ئەو هێمای تیشکدانەوەی پێوەنەبێت بە زەحمەت دەبینرێت.
یەك لە سێی ئەو ڕووداوانەی لە هاتووچۆدا ڕوو دەدەن کەسێك تووش دەبێت کە لە تاریکیدا دەڕوات.